# هەڵوێستی نێودەوڵەتیی لە ئاست سزا ئابوورییەکانی سەر عێراق
## ١٩٩٠-٢٠٠٣

**د.ئارام عەلی مستەفا *　　　توانا رشید کریم****

وشە کلیلییەکان: سزا ئابورییەکان، عێراق، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی
https://doi.org/10.31271/jopss.10082

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوە، تیشکخستنە سەر هەڵوێستی نێودەوڵەتییە لە ئاست سزا ئابوورییە سەپێنراوەکانی سەر عێراق لەنێوان ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٣. توێژینەوەکە قۆناغێکی گرنگی مێژووی عێراق دەخاتەڕوو، کە لێکۆڵینەوەیە لەو سزا ئابوورییانەی لەمیانی ژمارەیەک بڕیار لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ ماوەی سێزدە ساڵ بەسەر عێراقدا سەپێنرا کە، تا هەنووکەش کاریگەریی لەسەر ژێرخانی وسەرخانی وڵاتەکەدا هەیە. بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی بەستووە، کە تێیدا هەڵوێستی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ڕوسیا، فەڕەنسا و چین) دەخاتە بەرباس ولێکۆڵینەوە. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کە هەریەک لە (ئەمریکا وبەریتانیا) مکوڕبون لەسەر ڕووخاندنی حکومەتی عێراقی لەڕێی توندترکردنی گەمارۆکان، بەڵام (ڕووسیا وفەڕەنسا وچین) بە دوای دۆزینەوەی پێگەی خۆیان بوون لەئاست عێراق وپێداگرنەبون لەسەر بەردەوامبونی گەمارۆ ئابورییەکان.

**ملخص**

**المواقف الدولي تجاه العقوبات الاقتصادية على العراق**

**١٩٩٠-٢٠٠٣**

تهدف هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على الموقف الدولية تجاه العقوبات الاقتصادية المفروضة

---

* پرۆفیسۆر - زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی مێژوو
aram.mustafa@univsul.edu.iq

** خوێندکاری دکتۆرا - زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی مێژوو
twana.karim@univsul.edu.iq

على العراق بين عامي ١٩٩٠ - ٢٠٠٣. وتعرض الدراسة فترة مهمة من تاريخ العراق حديث، يبحث في العقوبات الاقتصادية التي فرضها مجلس الأمن الدولي على العراق لمدة ١٣ عاما والتي لا تزال تؤثر على البنية التحتية للبلاد. ولتحقيق هدف الدراسة استندت الباحث لمنهج بحث تاريخي، حيث تمت مناقشة وتحليل موقف الأعضاء الخمسة الدائمين في مجلس الأمن التابع للأمم المتحدة(الولايات المتحدة، وبريطانيا ، وروسيا ، وفرنسا ، والصين). وخلصت الدراسة إلى أن (الولايات المتحدة وبريطانيا) أصرتا على الإطاحة بالحكومة العراقية من خلال تشديد العقوبات، بينما سعت (روسيا وفرنسا والصين) لإيجاد موقفهم في العراق ولم تصر على استمرار العقوبات الاقتصادية.

**Abstract**

**The International Attitude towards the Economic Sanctions Against Iraq 1990-2003**

The aim of this study is to highlight the international attitude towards the economic sanctions imposed on Iraq between 1990 and 2003. The study presents an important period of Iraq's history; it examines the economic sanctions imposed on Iraq by the UN Security Council for 13 years which still affect the country's infrastructure. To achieve the study objective, the researcher implemented historical research methods, in which the attitude of the five permanent members of the UN Security Council (the United States, Britain, Russia, France and China )are discussed and analyzed. Finally, the study concluded that (the United States and Britain ) insisted on overthrowing the Iraqi government by tightening sanctions, meanwhile (Russia, France and China )sought to find their position in Iraq and did not insist on continuing economic sanctions.

## پێشەکی

سزا ئابوورییەکان- گەمارۆ ئابورییەکان، کە لە ئەنجامی بڕیاری ٦٦١ لە ١٩٩٠/٨/٦ بەسەر عێراقدا سەپێنرا و بۆماوەی سێزدەساڵ درێژەی کێشا بە یەکێک لە سەخترین سزا ئابوورییانە لە مێژووی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت، کە تێیدا عێراقییەکان بەدرێژایی ئەو ساڵانە لە قەیرانێکی ئابووری سەختدا گوزەرانیان کردوو و ژێرخانی ئەم وڵاتەی کارەساتبارانە وێرانکرد. ئەم بارودۆخە ئابووری وسیاسییەی کە لە عێراقدا روویدا ڕۆڵێکی هێجگار گەورەی لە خستنەڕووی هەندێک هەڵوێستی سیاسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبوو، کە پێویستە هەڵوێستەی لەبارەوە بکرێت. لەو پەڕی پەرگیری ومکوڕبونەوە وەک (ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و بەریتانیا) لەسەر سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکانەوە تاوەکو یاریکردنی هێزەکانی دیکە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هەوڵدانیان بۆ دۆزینەوەی شوێنێک لە بازار ودبلۆماسی عێراقییدا.

سنوری توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خستنەڕووی هەڵوێستی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەمەش لەبەرئەو کاریگەرییە بەهێزەی ئەم هێزانە هەیانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وکارتێکردنیان لە ڕووداوەکان، لەبەرئەمە توێژەر خۆی بەدوورگرتووە لە خستنەڕووی هەڵوێستی زۆرێک لەناوەندی سیاسیی وئابوریی نێودەوڵەتی وەک کۆمکاری عەرەبی یا گروپی ئەوروپی ویەکێتی ئەوروپا.

ئەم توێژینەوەیە، پشتبەست بە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی، ئامانجی ئەوەیە کە لەلایەک قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی وئابوری ودبلۆماسییەکانی عێراق بخاتەڕوو، لەلایەکی دیکە وێنای ئەو پەیوەندییە دبلۆماسی و هەڵوێستە نێودەوڵەتییانە بکات لەبەر ڕۆشنایی گۆرانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە وجیهان. جێگەی هەریەکێکیان لەمەڕ رووداو و پەرەسەند سیاسی وئابورییەکانی عێراق لەنێو ناوەند نێودەوڵەتییەکان پیشان بدات، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە هەوڵدەدا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

- ئایا داگیرکردنی کوەیت، کاریگەری هەبوو لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی لەئاست عێراق؟

- ئایا گەمارۆ ئابوورییەکان وەک سەپێنراوێکی نێودەوڵەتیی چۆن کاریگەریی لەسەر ئەم پەیوەندییە داناوە؟

- ئایا گۆڕاوی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک شوێنی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وعێراق داناوە؟

توێژینەوەکە پێکدێت لە پێشەکی و دوو تەوەرە، تەوەری یەکەم، باس لە چۆنێتی سەپاندنی سزا ئابورییەکان و ئەو هۆکارانەی بوونە سەپاندنی سزاکان وبەردەوامبوونی، دەکات. بەڵام تەوەری دووەم

جەختی لەسەر هەڵوێستی نێودەوڵەتی کردۆتەوە بۆ ئەمەش بەجیا لەمیانی قۆناغبەندی پێش بریاری ٩٨٦ و دوای بریارەکە، هەڵوێست وپەیوەندی هەریەک لەو پێنج ئەندامە لەئاست عێراقدا ئاماژە پێدراوە.

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران پشتیان بەگەلێک سەرچاوەی پەیوەندیدار و رەسەن بەستووە. لە پێشەوەیان بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دێت کە لە کتێبخانەی ئەلیکترۆنی رێکخراوەکە بە چەند زمانێک بەردەستە. جگە لەمەش چەند سەرچاوەیەکی گرنگی تایبەتمەند وەک تێزی دکتۆراکانی (فراس ابراهیم حمید: العراق فی وثائق هیآة الامم المتحدة ١٩٩٠-٢٠٠٣، ٢٠١٩) یاخود کتیبەکانی ( Amjed H. Al-Masaoodi: CHINA AND IRAQ: 1949–2016,) (جیف سیمونز: التنکیل بالعراق العقوبات والقانون والعدالة، ١٩٩٨) و(باسیل یوسف بجک: العراق وتطبیقات الامم المتحدة للقانون الدولی ١٩٩٠-٢٠٠٣، ٢٠٠٦). بەدەر لە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی بە هەند وەرگیراو.

## تەوەری یەکەم: سەپاندنی سزا ئابوورییەکان بەسەر عێراقدا و قۆناغەکانی:

سیاسەتی سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکان بەسەر عێراقدا، چەندین پاساو وهۆکاری ئابوری وسیاسی لەپشتەوە بوو، کە بەدرێژایی سێزدە ساڵی سەپاندنیدا ئەم هۆکارانە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و تەنها لە پاساوی کشانەوەی هێزەکانی عێراق لە کوەیت قەتیس نەبوو، بەڵکو سەری کێشا بۆ چەندین پاساوی نێودەوڵەتی وتاکلایەنەی زلهێزەکان.

لەسەرەتای ئەم پاساو و هۆکارانە داگیرکردنی کوەیت دێت. پاش ئەوەی لە ١٩٩٠/٨/٢ سوپای عێراق لەشکرکێشی کردە سەر کوەیت لەماوەی چوار کاژێردا داگیریان کرد[١]. لە ئاکامی ئەم داگیرکارییەدا، پرسی کشانەوەی بێ مەرجی هێزەکانی عێراق وگەڕانەوەی سەروەری بۆ کوەیت بووە هەڵوێستی سەرەکی سەرجەم ناوەندە هەرێمیی ونێودەوڵەتییەکان. ئەوەبوو ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەرەتادا بڕیاری ١٩٩٠/٦٦٠ی دەرکرد وتێیدا سەرکۆنەی ئەم کارەی عێراقی کرد و بە بەزاندنی سەروەری دەوڵەتێکی ئەندامی لەقەڵەم دا و داوای کشانەوەی بێ مەرجی کرد[٢]. پاشتر بڕیاری ١٩٩٠/٦٦١ دەرکرد وتێیدا گەمارۆ ئابوریی بەسەر عێراقدا سەپاند. لەم بڕیارەدا لابردنی گەمارۆ ئابورییەکان بەستەوە بە کشانەوەی هێزەکانی عێراق لە کوەیت وهەڵوەشاندنەوەی سەرجەم بڕیارەکانی سەبارەت بە کوەیت (لکاندنی بە عێراق، گەڕانەوەی حوکمڕانی) کە لەلایەن عێراقەوە دەرکراوە. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێککەوتی ١٩٩١/١/١٥ وەک دوا مۆڵەت دانرا بۆ وەڵامدانەوەی عێراق تا پابەندبوونی خۆی بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکات[٣]. (جۆرج بۆشی باوک ١٩٨٩-١٩٩٣) سەرۆکی ئەمریکا لە وتارێکیدا ئاماژەی بە ئامانجەکانی گەمارۆ ئابورییەکان کردووە و گوتویەتی:"ئامانج لە سەپاندنی گەمارۆی ئابوری بۆ کۆتایهاتنی داگیرکاری کوەیت و دووپاتکردنەوەیە بۆ جیهان کە لێبوردە نین لەمەڕ دوژمنکاری"[٤].

ئەم بڕیارە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بەپێی مادەکانی ٣٩ و٤١ لە بەندی حەوتەمی پێڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، داگیرکردنی کوەیت بە پرۆسەیەکی (داگیرکاری، تێکدانی ئاسایش، هەڕەشەکردن) لە هێمنی نێودەوڵەتی لێکدایەوە، بەمەش ئەم پرۆسەیە جگە لەوەی سەروەری دەوڵەتێکی ئەندامی ڕێکخراوەکەی بەزاندووە، هەڕەشەش بووە لەسەر هێمنی وئاسایشی نێودەوڵەتی وشیرازەی ئاسایشی نێودەوڵەتی خستۆتە مەترسییەوە، هەربۆیە پێویستی بە فشارێکی ئابوری هەبوو تاوەکو عێراق پابەند بکرێت بە پاشەکشەی هێزەکانی هەروەک لەبڕیارەکانی

---

[١] شيبان نصيرة: العقوبات الاقتصادية الدولية الذكية و دورها في حفظ السلم والأمن الدوليين، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة المستغانم- الجزائر، ٢٠١٩، ص٦٣.

[٢] الامم المتحدة: مجلس الامن- القرارات، الحالة بين العراق والكويت، القرار٦٦٠، ١٩٩١/٨/٢ S/RES/660-1990

[٣] سمير العقون: الاجتياح العراقي للكويت وانعكاساته على العلاقات العربية-العربية ١٩٩٠-١٩٩١، ماجستير- جامعة بوضياف-المسيلة كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم التاريخ، ٢٠١٦، ص٢٢-٢٤.

[4] Brain Walsh: The Economic Blockade: A Moral and Legal Analysis, Peace Research, Vol.27, No.1, February1995, P.52.

١٩٩٠/٦٦١ دا هاتووە[٥].

لەگەڵ ئەوەی سوپای عێراق لەژێر فشاری سەربازی نێودەوڵەتی لە ١٩٩١/٢/٢٨ ناچار بە کشانەوە کران، بەڵام گەمارۆ ئابورییەکان لەسەر عێراق هەڵنەگیرا وبەدرێژایی سێزدە ساڵ بەردەوامی پێدرا، لەبەرئەوە ئەمریکا بەهاوکاری وڵاتانی دیکە لەمیانی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاری ١٩٩١/٦٨٧ دەرکرا تێیدا چەند مەرجێکی نوێی بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان دانا[٦]، وەک داماڵینی چەک ولەناوبردنی چەکی کۆکوژ وکیمیایی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان کوەیت-عێراق[٧].

گەمارۆ ئابورییەکان، بەدرێژایی ١٣ ساڵ بە یەک ئاست لەسەر ژیان وگوزەران ودۆخی ئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسی خەڵکی عێراق گوزەری نەکردووە، گەمارۆ ئابورییەکان بە دوو قۆناغ تێپەڕبووە:

**قۆناغی یەکەم: ١٩٩٠-١٩٩٦:**

ئەم قۆناغە لە سەپاندنی سزاکانەوە دەست پێدەکات تا پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراک. دوای تێپەڕبوونی چوار رۆژ بەسەر داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە و پابەندنەبوونی عێراق بە بڕیاری ٦٦٠ کە تێیدا داوای کشاندنەوەی دەستبەجێ سوپای عیراقی کرد[٨]، هەریەک لە (ئەمریکا و بەریتانیا وفەرەنسا وکەنەدا وئەسوییبا وزائیر و فنەلەندا وکوتدیڤوار وکۆلۆمبیا ومالیزیا) پرۆژە بڕیاری ٦٦١یان پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کرد[٩]. لە ئاکامدا لە رۆژی ١٩٩٠/٨/٤ بە کۆدەنگی ١٨ دەوڵەت و دەنگنەدانی هەریەک لە (یەمەن وکوبا) پەسەندکرا، کە تێیدا لەژێر بەشی حەوتەم/ مادەکانی ٤١ و٤٢ گەمارۆکانی بەسەردا سەپێنرا[١٠]. ئەم بڕیارە ئامانجی ئەوەبوو کە عێراق بە تەواوی لەرووی ئابورییەوە گۆشەگیر بکات لەمیانی کاریگەریکردن لەسەر بازرگانی ونەوت وبناغە دارایی وسەرمایە وجوڵە گومرگییەکانی عێراق[١١].

بەپێی بڕیارەکە، ئەنجومەنی ئاسایش، لیژنەیەک تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی گەمارۆ ئابورییەکان دروستکرا کە پێیدەوترا " لیژنەی سزاکان لەسەر عێراق" یاخود "لیژنەی ٦٦١"، لیژنەکە پێکهاتبوو لە

[٥] د.نزار القنوع : العقوبات الاقتصادية احد اساليب الاقتصادي غيرالمنظم العراق نموذجا خضع العقوبات الاقتصادية، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية، مج:٣٥/ ع:٤، ٢٠١٣، ص٢٣٣.

[٦] زياد عيد غطاس حجازين: العقوبات الاقتصاسية كاحدى ادوات السياسة الخارجية الامريكية، المانيا-٢٠٢١، ص٥٨.

[٧] الامم المتحدة: مجلس الامن، القرار٦٨٧-١٩٩١/٤/٣ S/RES/687-1991

[٨] حميد الخطيب: دور هيئة الامم المتحدة فى النزاعات الدولية العراق انموذجا، دار التنوير، ٢٠١٦، ص١٨٥.

[٩] ضارى رشيد السامرائى: مدى الشرعية قرارات مجلس الامن ضد العراق، الأطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية القانون-جامعة بغداد، ١٩٩٥، ص١٦١

[10] Laurie Collier: War in the Persian Gulf Almanac; from Operation Desert Storm to Operation Iraqi Freedom, USA, 2004, P.34

[11] Sonia Perez: Economic Sanctions Against Iraq A Humanitarian Perspective, Enro-2009, P.9

پازده ئەندام و دەنگدان لەسەر بڕیارەکان، بە کۆڕابوو[١٢].

ئەم بڕیارە تەنها روویەکی گرتبۆوە وسنواردرابوو، چونکە دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک بەسەر بڕیارەکەدا هەناردەکردنی نەوت ڕانەگیرابوو، هێشتا کەلوپەل لە ئەردەن بەرەو عێراق دزەی دەکرد، جگە لەمانەش ئەمریکییەکان روانگەیەکی سەربازییان بۆ ئەم بڕیارە هەبوو، پیپانوابوو بواری بەکارهێنانی هێزی سەربازیی پێداون، هەربۆیە (جۆرج بۆشی باوک ١٩٨٩-١٩٩٣) سەرۆکی ئەمریکا فەرمانی دا هەر کەشتییەکی بۆ عێراق بچێت یا بە پێچەوانەوە بێت تەقەی لێ بکرێت چونکە ئەمریکا باوەڕی وابوو بۆ ئەوەی سزاکان ئامانجی خۆی بپێکێت پێویستە سەرجەم دەوڵەتان پابەندبن و هەموو جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانی لەگەڵ عێراقدا رابگرن[١٣] جگە لەوەش لەسەر داوای هەندێک دەوڵەتی وەک (سعودیە وهۆڵەندا وبەحرێن وئیمارات وقەتەر وسعودیە) پرۆژە بڕیارێکیان پێشکەش کرد کە ڕێگەی دابوو بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بۆ چەسپاندنی گەمارۆی دەریایی[١٤] لەبەرئەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆشاییە، ئەنجومەنی ئاسایش لە ١٩٩٠/٨/١٥ بڕیاری ٦٦٥ دەرکرد کە تێیدا گەمارۆی دەریایی بەسەر عێراقدا سەپاند لەمەشدا ٢١ دەوڵەت بەشدارییان لەپرۆسەی سەپاندنی گەمارۆ دەرياييەکان کرد بەجۆرێک لەم ماوەیەدا نزیکەی ٦٩٦٠ کەشتی ڕاگیران کە هاتوچۆی عێراقیان دەکرد[١٥].

دواتر بە مەبەستی فراوانکردنی گەمارۆ ئابورییەکان بڕیاری ٦٧٠ دەرچوو کە تێیدا گەمارۆی ئاسمانی خرایە سەر عێراق، ئەم بڕیارە بە دەستپێشخەری (فەرەنسا) ئەنجامدراو و١٤ دەوڵەت پەسەندی کرد و(کوبا) دەنگی نەدا، ئەم بڕیارە ئامانج لێی سەپاندنی رەوایەتی کارسازی سەربازی بوو بەرامبەر بە عێراق[١٦] بەمشیوەیە بە دەرکردنی بڕیارەکانی ٦٦١ و٦٦٥ و٦٧٠ گەمارۆی ئابورییەکانی سەر عێراق تەواوی لایەنەکانی گرتەوە و زەوی وئاسمان ودەریای خستەژێرڕکێفی گەمارۆکان وئەنجومەنی ئاسایشەوە.

لەژێر رۆشنایی ئەو راپۆرتانەی بە دەست لیژنەی ٦٦١ گەیشتبوو، لەپاڵ ئەو راپۆرت و زانیارییانەی باسی لە کارەساتباری بارودۆخی ئابوری وگوزەرانی عێراقی کردبوو، جموجۆڵێکی نێودەوڵەتی هاتەکایەوە کە بواربدرێت بە عێراق بە هاوردەکردنی کەلوپەل وبەرهەمی پێویست لەڕێگەی فرۆشتنی نەوت[١٧]. وێڕای هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێدانی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار لە

[١٢] جوی غوردون: الحرب الخفية؛ مريكا والعقوبات على العراق، بيروت، ٢٠١٨، ص٤٣

[١٣] بروانە: زياني نوال: العقوبات غير العسكرية فى الفصل السابع من ميثاق الامم المتحدة وتطبيقها على العراق، دار مجدلاوى-عمان، ٢٠١٧، ص ١٣٥؛ جيف سيمونز: التنكيل بالعراق العقوبات والقانون والعدالة، بيروت-لبنان، ١٩٩٨، ص ص٦٩-٧٤

[١٤] فراس ابراهيم حميد: العراق فى وثائق هيأة الامم المتحدة ١٩٩٠-٢٠٠٣، أطروحة غير منشورة، جامعة البصرة-كلية التربية العلوم الانسانية- قسم التاريخ، ٢٠١٩، ص١٧٥

[15] Brain walsh: Op.Cit, P.51

[١٦] الامم المتحدة: مجلس الامن، القرار٦٧٠-١٩٩٠/٩/٢٥-S/RES/670-1990

[١٧] ضارى رشيد السامرائى: م.س، ص١٧٦

ڕێگەی ڕێکەوتننامەیەکی نێوانیان وپاشتر هەڵوەشاندنەوەی بڕی ٣٧٥ ملیار لە پارە بلۆککراوەکانی، نەتوانرا کارەساتەکان کەم بکاتەوە[١٨]. بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان دوو بڕیاری (٧٠٦ لە ٨/١٤/ ١٩٩١) و(٧١٢ لە١٩٩١/٩/٨) دەرکرد. بە گوێرەی ئەم دوو بڕیارە ڕێگەدرا بە بڕی ١,٦ بلیۆن دۆلار نەوتی خۆی هەناردە بکات بە مەبەستی کڕینی پێداویستییە مرۆیی وخۆراکی و پزیشکییەکان و خەرجی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان[١٩]. ئەم دوو بڕیارە لەلایەن عێراقەوە زۆر بە توندی ڕەتکرایەوە چونکە سەروەری عێراقی پێشێلکردبوو بەشێوەیەک وەک "هەرێمێکی ملکەچی منداتی ڕێکخراوێکی جیهانی" مامەڵەی لەگەڵ کردبوو جگە لە ئامانجی سیاسی پشتی بڕیارەکان وسەپاندنی چەندین مەرج بەسەر عێراقدا[٢٠].

جێی باسە، ئەم قۆناغە شوێنەوارێکی خراپی لەسەر باردۆخ وگوزەران ودارایی عێراق هەبوو. هەر لە ساڵەکانی سەرەتادا برسێتی ونەخۆشی وخراپبونی ئاستی ژیانی خەڵکی بەخۆوەبینی، بەجۆرێک تەنها لە ساڵانی سەرەتای گەمارۆکەدا ڕۆژێکدا ئابوری عێراق بڕی ٣٠ ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوتبوو، ئەمە جگە لەوەی داهاتی نەتەوەیی ٥٢٢ ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٧٤ ملیۆن دۆلار دابەزی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی توانستی پارەدارکردن و بەڕێوەبردنی چالاکییە ئابورییەکانی نەبێت، تەنانەت خەرجی حکومی لە ١,٢ ملیار دۆلارەوە بۆ ٥١٤ ملیۆن هاتەخوار، کە بووە هۆی هەڵئاوسان و گرانی و زیادبوونی نرخی کەلوپەل. ئەم بارودۆخە وایکرد کە خودی (سەدام حسێن) بە ئاشکرا دانبنێ بەو بارودۆخەدا سەختەدا. بۆ ئەم مەبەستە داوای لە کۆمەڵگەی عێراقی کرد کە: یەکەم: کەمکردنەوەی بەکاربردنی خۆراک وگۆڕینی سیستمی خۆراکی. دووەم: واز لە کڕینی جلوبەرگ بهێنن بۆ ماوەی دووساڵ[٢١]. پاشتر چەندین ڕێککاری دیکەی ئەنجامدا وەک کارکردن بە سیستمی کۆبونی خۆراک لە ١٩٩١/٩/١[٢٢] و ڕووبەڕووی هەموو هەوڵێکی قۆرخکاری وتاڵانکردن ببێتەوە بەجۆرێک ٤٢ بازرگانی لە سێدارەدا بەهۆی یاریکردن بە نرخەوە[٢٣].

ئەم قۆناغە بەهۆی کۆڕابوونی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و پێداگری لەسەر سزادانی عێراق تا سەرلەنوێ پابەند بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکانەوە بکرێت، بۆیە بە قۆناغێکی سەخت لەمێژووی عێراق دادەنرێت.

**قۆناغی دووەم: ١٩٩٦-٢٠٠٣:**

ئەم قۆناغە لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراک دەست پێدەکات وبە لابردنی

---

[١٨] جیف سیمونز: م.س، ص ص ٨٤، ١٢٧-١٢٨.

[١٩] کامل عبدخلف الجبوری: م.س، ص٧٣

[٢٠] جیف سیمونز: م.س، ص١٣٠؛ ضاری رشید السامرائی: م.س، ص١٨٢

[٢١] فراس ابراهیم حمید: م.س، ص١٧٤

[٢٢] د.محمد مهدی صالح الراوی: درء المجاعة عن العراق مذكراتی عن سنین الحصار ١٩٩٠-٢٠٠٣، منتدى المعارف- بیروت، ٢٠٢٢، ص١٠٧.

[23] Lee Jones: Societies Under Siege, Oxford University Press, 2015, P.147

گەمارۆ ئابورییەکان کۆتایی دێت. ئەو بڕەی لە کەرەستە خۆراکییەکان، کە لەلایەن لیژنەی سزاکانەوە ڕێگەپێدرابوو. لەژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی ٦٦١ و٦٨٧ نەک هەر نەبووە سوککردنی گوزەرانی خەڵک، بەڵکو بارودۆخەکەی زیاتر بە ئاراستەیەکی خراپتر بردبوو[٢٤] بەتایبەتی کە سەرجەم داواکارییەکانی عێراق بۆ فرۆشتنی نەوت و دەرخستەکانی بۆ پێداویستییەکان رەتکرابۆوە، کە لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ٦ ملیار بۆ دوازدە مانگ خەمڵاندووە. ئەم بارودۆخە بە وردی لەمیانی راپۆرتەکانی ئاهیتساری نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٢ بە لیژنەی ٦٦١ وئەندامانی ئەنجومەن گەیشتبوو، کە رەوشی تەندروستی و ژمارەی مردوو و وچەرمەسەری وگوزەرانی خراپ، چۆن تەنگی بە عیراقییەکان هەڵچنیبوو. هەروەها جگە لە شکستی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ٦٦٥ و٦٧٠، کە وێڕای ڕێگەدان بە هاوردەکردنی نەوتی عێراق، بەڵام هێشتا باردۆخەکە بەرەو خراپتردەچوو تا دەهات نارەزایەتییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پترتر دەبوون. سەرباری ئەمانەش لەنێو خودی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرسی بارگرانی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان وخەرجییەکانیان لە عێراقدا و نەبوونی بودجەیەکی باش بۆ خەرجییەکانیان کە کۆی پرۆسەکانیان تێدا ئەنجام بدەن، بووە جێگەی نارەزایی. لەراپۆرتێکی لیژنەی سزاکان دا بۆ ئەنجومەن داوای ئەوە کرابوو، کە ناکرێت کێشەکانی تری جیهان فەرامۆشبکرێن، لەکاتێکدا عێراق خاوەنی یەدەگی نەوتێکی گەورەیە ولەتوانایدا خەرجییەکان نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق وپرۆسەکانیان لە ئەستۆبگرێت[٢٥]، لەلایەکی دیکەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی فشار لەسەر ئەمریکا هەبوو چونکە لە ئاکامی سەپاندنی سزا ئابورییەکان دەوڵەتان بەسەر عێراقدا ژمارەیەک دەوڵەت وەک روسیا وتورکیا وئەردەن ڕووبەرووی خەسارەتێکی گەورە ببونەوە وبەرژەوەندییەکان زیانی پیگەیشتبوو، هەروەها پێوسیتی بازاری نێودەوڵەتی بە نەوتی عێراق بەتایبەتی خودی ئەمریکاش پێویستی بە نەوتی عیراق هەبوو[٢٦].

ئەم هۆکارانە وایکرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان، پرۆژە بڕیاری ٩٨٦ کە بە پرۆگرامی " نەوت بەرامبەر بە خۆراک- Oil for Food/OFF " ناسراوە دەربکات، ئەوەبوو لەسەر پێشنیاری ئەرجەنتین و خواستی وڵاتانی ئەوروپی وعەرەبی بڕیاری ٩٨٦ خرایە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش وله ١٩٩٥/٤/١٤ بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەردرا[٢٧]. لە ناوەڕۆکی بڕیارەکەدا هاتووە:

١- ئەنجومەنی ئاسایش ڕێگەدەدا بە کڕینی نەوت وبەرهەمەنەوتییەکان بەبڕی یەک بلیۆن دۆلار.
٢- جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچونییەوە بۆ ماوەی ١٨٠ رۆژ.
٣- بڕی دیاریکراو بۆ پارێزگاکانی باکوری عێراق دابین بکرێت[٢٨].

---

[24] Sonia perez: Op.Cit, PP.1-11

[٢٥] جيف سيمونز: م.س، ص١٢٨-١٢٩؛ ضارى رشيد السامرائى: م.س، ص١٨٢

[٢٦] فراس ابراهيم حميد: م.س، ص١٩٠

[٢٧] بوثلجة حسين: قرار مجلس الامن رقم ٩٨٦ الصادر بشان العراق، رسالة ماجستير غير المنشور، كلية الحقوق-جامعة الجزائير، ٢٠٠٢، ص٨٨

[٢٨] الامم المتحدة: مجلس الامن- القرار٩٨٦، ١٩٩٥/٤/١٤-S/RES/986-1995 ؛ حميد خطاب: م.س، ص٢١٨.

بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک ئامانج لێی هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان نەبوو، بەڵکو بوار بە عێراق دەدرا کە نەوت بفرۆشێت تا بتوانێت خەرجی پێداویستییە مرۆییەکان وچالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دابین بکات. لەم بارەیەوە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بە مێژووی ١/ ١٩٩٨/٢ جەختی لەسەر کردۆتەوە ونوسیویەتی:" ئەم بەرنامەیە لەرووی جۆرەوە تاکوتەرایە، ئەنجومەنی ئاسایش وەک کارسازییەکی کاتی بۆ دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی گەلانی عیراق دایناوە ولەچوارچێوەی سیستمی سزاکان جێبەجێ دەکرێت...."[٢٩].

هەر لەبەرئەمەبوو عێراق سەرەتا نارازی بوو بە پرۆگرامەکە چونکە ئەمە لەکاتێکدابوو، کە عێراق چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بە گوێرەی برگەی ٢٢ لە بڕیاری ٦٨٧ گەمارۆ ئابوری لەسەر هەڵبگرن بەتایبەتی عێراق پێیوابوو دەرکردنی ئەم بڕیارە پرسی هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان دوادەخات[٣٠]. ئەوەبوو بۆ ماوەی چوار مانگ لە مانگی دووەوە تا مانگی پێنج بە چڕی نزیک بە چوار دانوستان سازکرا کە بە دانوستاندنی نەوت بەرامبەر بە خۆراک ناسراوە و دواجار لە ٥/٢٠/ ١٩٩٦ یاداشتی لێک تێگەیشتن مۆرکرا[٣١]. بەو شێوەیە یەکەم پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت لە کانونی یەکەمی ١٩٩٦ لەڕیگەی بەندەری بەکرەوە نێردرا، پاشان وەزارەتی بازرگانی عێراق پرۆسەی داشکاندن وبەستنی گرێبەستی کەرەستە خۆراکییەکانی راگەیاند و لە مانگی٧ / ١٩٩٧ یەکەمین بەشە خۆراکی لەرێگەی کۆبونی خۆراکەوە بەسەر خەڵکی عێراقدا دابەشکرد[٣٢].

بە گوێرەی برگەی ٧ی بڕیاری ٩٨٦ دەبوایە هەژمارێکی بانکی بکرێتەوە، ئەوەبوو لە بانکێکی ئەهلی فەرەنسی هەژمارەکە بۆ عێراق کرایەوە کە ناسرابوو بە "هەژماری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان". لەم هەژمارەدا کۆی ئەو برە پارەی لە فرۆشتن نەوت وبەرهەمە نەوتییەکان کۆدەکرایەوە ولەژێر چاودێری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕووی ڕێسا وچۆنێتی خەرجکردنی دادەنرا، بەڵام عێراق دەیتوانی زانیاری وئاگایی بە چۆنێتی خەرجکردن ومامەڵە ولێبڕینەکان، هەبێت[٣٣].

پرۆسەی دابەشکردنی ئەو برە پارەی لەئەنجامی فرۆشتنی نەوت وبەرهەمە نەوتییەکانەوە دەست دەکەوت بەمشیوەیەی بوو: بڕی ٦٠٠ ملیۆن دینار بە ڕێژەی ٣٠٪ بۆ سندوقی قەرەبوکردنەوە ، ٢٦٠ ملیۆن دۆلار بە ڕیژەی ١٣٪ بۆ باکوری عێراق، یەک ملیار بە رێژەی ٥٣٪ بۆ ناوەراست وبا شووری عێراق تەرخانکرابوو[٣٤]. شایەنی باسە، ئەم بڕە لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بەرزکرایەوە بۆ ٥,٢٦ ملیار دۆلار، بۆ جارێکی دیکەش لە مانگی ١٢/ ١٩٩٩

[٢٩] بوثلجة حسين: م.س، ص٨٨-٨٩
[٣٠] ضاري رشيد السامرائي: م.س، ص١٨٣
[٣١] بوثلجة حسين: م.س، ص٩٨-٩٩
[٣٢] د.محمد مهدى صالح الراوى: م.س، ص٢١٨؛ جيف سيمونز: م.س، ص٢٧٤
[٣٣] بوثلجة حسين: م.س، ص١٢٦-١٢٧
[٣٤] فراس ابراهيم حميد: م.س، ص٢٠٢؛ جوى غوردون، م.س، ص٤٥

ڕێگدرایەوە بەعێراق بڕێکی زیاتر بفرۆشێت[٣٥]

کارەکانی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراک بە هەشت قۆناغدا تێپەڕیوە وهەر قۆناغیکی بۆ شەش مانگ دانرابوو. پرۆسەکە بەشێوەیەک ڕێکخرابوو کە پێش هەر قۆناغێک دەبوو، عێراق پلانێکی تێروتەسەل بۆ پێداویستییەکانی دابنێت لەهەریەک لە بوارەکانی خۆراک و چاودێری تەندروستی و ئاو وئاوەڕۆ...هتد. پاشان نوسینگەی پرۆگرام لە عێراقدا، پلانەکەی بەگوێرەی پسپۆری وتایبەتمەندی بەسەر ئاژانسەکان دابەشدەکرد وەک (خۆراک وکشتوکاڵ بۆ FAO)، (خوێندن (UNICIEF)،( WHO بۆ چاودێری تەبدروستی وئاووئاوەڕۆ)[٣٦].

پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراک تاڕادەیەک بوژانەوەیەکی باشی لە کۆمەڵگەی عێراقی خولقاند وهەناردەی نەوت بەشیوەیەکی بەرچاو بەرزبۆوە، بەڵام بە هۆی کۆسپە بەردەوامەکانەوە وەک ڕێگەگرتن لە گرێبەستە پێشکەشکراوەکان وهاوردەکردنی ئەو کەرەستانەی دوولۆنە بەکاردێن وایکرد عێراق لە داهاتی خەمڵێنراو بە ٢٢٠ ملیار دۆلار تەنها ٦٤ ملیار چنگی بکەوێت، ئەوی تری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان وقەرەبوو دەڕۆیشت، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هەر تاکێک بڕی ٠,٢٩ دۆلار لە ڕۆژێکدا بەردەکەوت. هەروەها دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەر نەوتدا گەڕایەوە. سەرباری ئەمەش لەم قۆناغەدا کەرتی تایبەتی تاڕادەیەک باڵادەست بوو بە پێچەوانەی کەرتی گشتی بەشێوەیەک لە ساڵی ٢٠٠٣ تەنها ٤٠٪ لە کەرتی گشتی کاریان دەکرد[٣٧].

داخورانی گەمارۆ ئابورییەکان بەهۆی سەرنەکەوتنی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ونەدۆزینەوەی هیچ جۆرە چەکێکی کۆکوژی وزیابوونی رەخنە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی هێشتنەوەی سزا ئابورییەکان وئەو کارەسات و قەیرانانەی لەرووی مرۆییەوە لێیکەوەتەوە[٣٨] وێرای ئاڵنگاری عێراق ورووبەروبونەوە وخۆدزینەوەی لە سزا ئابورییەکان لەمیانی هەناردەکردن وهاوردەکردن لە دەرەوەی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراک وبازرگانی ریگەپێنەدراو وبەقاچاغبردن[٣٩] ئەم هۆکارانە وایکرد هەریەک لە ئەمریکا وبەریتانیا بەسەر سیاسەتەکانیاندا بچنەوە وسیاسەتی "سزای ورد" بگرنەبەر کە جەخت لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی بکات بۆ دەستخستنی چەکی کۆکوژی و کاروباری دارایی سەرکردەکان کە پێیدەوترا" سزا زیرەکەکان[٤٠] لەسەر عێراق". بۆ ئەم مەبەستە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (کۆڵن پاوڵ) ڕاسپیردرا تا ئەو پرۆژەیە ئامادە بکات، کە لە ماوەی دواتر (جۆرج بۆشی کوڕ

[٣٥] جۆی غوردون، م.س، ص٤٦.

[٣٦] ن.م، ص٤٦-٤٧

[37] Lee Jones: Op.Cit, P.141-142

[٣٨] جيف سيمونز: استهداف العراق العقوبات والغارات فی السياسة الامريكية، ط٢، بيروت، ٢٠٠٤، ص٣٠٣ ومابعدها

[٣٩] فراس ابراهيم حميد: م.س، خ٢٠٦؛ د.محمد مهدی صالح الراوی: م.س، ص٣١٤

[٤٠] سزا زیرەکەکان: بە سزای ئاڕاستەکراو ناودەبرێت، مەبەست لەم جۆرە سزایە، کە بازنەیەکی تری فشارە ئابورییەکانە، ئەوەیە کە " فشارێکی زۆرەملێیە و بەسەر تاک و قەوارە دیاریکراوەکان دەچەسپێنرێت و بەرهەم و چالاکییە بژاردەکراوەکانیان سنوردار دەکات، لەپاڵ کەمکردنەوەی کاریگەرییە ئابوری وکۆمەڵایەتییە نامەبەستدارەکان لەسەر دانیشتوانە لاواز وبێتاوانەکان" David Cortright, George A.Lopez: Smart Sanction Targeting Economic Statecraft, Rowman and Littlefield Publisher, New York, 2002, P.2.

٢٠٠١-٢٠٠٩) و(تۆنی بلێر١٩٩٧-٢٠٠٧) جوڵە دبلۆماسییەکانیان دەست پێکرد بە مەبەستی رازیکردنی وڵاتانی جیهان لەسەر پرۆژەکە[٤١]

دوای چەندین هەوڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە کۆی دەنگ بریاری ١٣٨٢ لە ٢٠٠١/٦/٤ دەرکرد ئەم بریارە وێڕای نوێکردنەوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک بۆ جاری یازدەهەم، جەختی لەسەر باشترکردنی شێوازی سزاکان کردەوە لەمیانی:

١- گەمارۆ لەسەر لایەنی سەربازی نە بازرگانی.
٢- کۆنترۆڵکردنی لایەنی دارایی وچاودێریکردنی.
٣- بەهێزکردنی سیستمی چاودێری وپشکنین....[٤٢]

لەم چوارچێوەدا، ئەمریکا وبەریتانیا، لە٢٠٠٢/٥/١٤ پرۆژە بڕیاریکی لەژێر ناونیشانی "سزای ئاڕاستەکراو" پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش نێودەوڵەتی کرد، ئەوەبوو بڕیاری ١٤٩٠ بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا. بە گوێرەی ئەم بریارە، لیستێکی ٣٠٠ کەرەستەیی ئامادەکرابوو کە رێگەی دەدا هاوردەی ناو عێراق بکرێت، جگە لەوەش لیستەکە ئە کەرەستانەی سەربازین ورێگەپێدراو نەبوون لەخۆگرتبوو. ئەم کەرەستانە لەژێر چاودێری وپشکنینی لیژنەی ئەنموۆڤیک و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەدا بوو[٤٣].

دوای تێپەڕبوونی ١٣ ساڵ بەسەر گەمارۆ ئابورییەکاندا و داگیرکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ١٤٨٢لە ٢٠٠٣/٥/٢٢ دەرکرد وکۆتایی بە سزا ئابورییەکان هێنا، ئەم بڕیارە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا[٤٤] بەگوێرەی ئەم بڕیارە هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان تەنها لەڕووی مرۆیی وبازرگانییەوە بوو، بەڵام لەراستیدا هێشتا ئەم بڕیارە عێراقی لەژێر سزا سەربازییەکاندا هێشتبۆوە، کە یەکێک لە ئامانجەکانی بریتی بوو لە رەوایەتیدان بەو دەسەڵاتەی لە عێراق لەلایەن ئەمریکاوە دامەزراوە، پاش داگیرکردنی لەساڵی ٢٠٠٣، بەمشێوەیە، لە ٦/٢٧/ ٢٠٠٣ بڕیاری ٢١٠٧ بە کۆدەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو کە بەتەواوی عێراقی لەژێر بەندی حەوتەم دەرهێناو ودانی بە گەڕانەوەی پێیەی عێراق بۆ پێش دەرکردنی بڕیاری ٦٦١ نا[٤٥].

---

[٤١] جیف سیمونز: استهداف العراق...، ص٣٠٩.
[٤٢] بوثلجة حسین: م.س، ص١٨١-١٨٢
[٤٣] الامم المتحدة: مجلس الامن- القرار ١٤٠٩- ٢٠٢٢/٥/١٤. S/RES/1409-2002. سەبارەت بە لیستی ٣٠٠ شمەک Goods Review List بڕوانە : الامم المتحدة، مجلس الامن UN. S/2002/515
[٤٤] زیانی نوال : م.س، ص١٥٢
[٤٥] ن.م، ص١٥٣

## تەوەری دووەم: هەڵوێستی نێودەوڵەتی لەئاست گەمارۆ ئابورییەکان لەسەر عێراق:

ئەو ڕەوش ودۆخە سیاسییەی، عێراق لەماوەی گەمارۆ ئابورییەکاندا پێیداتێپەڕی کە لە ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٣ ڕۆڵێکی هێجگار گەورەی هەبوو لە دەرخستن و وێناکردنی هەڵویستە سیاسییەکانی دەوڵەتان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێ وهەرێمییدا. لەم تەوەرەدا، لەمیانی ئەم دوو باسەدا، باس لەهەڵوێستی نێودەوڵەتی لەمەڕ گەمارۆ ئابورییەکان، دەکەین:

### ٢-١: ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

لەماوەی جەنگی ئێران-عێراقدا، پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا وعێراق، پەرەسەندنێکی باشی بەخۆوە دیبوو[٤٦]. بەو شێوە تا سەرەتاکانی کێشەی کەنداوی١٩٩٠ پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بازرگانی وسیاسی هەبووە لەنێوانیاندا، بەجۆرێک بە وتەی راوێژکاری بازرگانی باڵیۆزخانەی عێراق بڕی پەیوەندییە بازرگانییەکان ٢,٦ ملیاری تێپەڕاندووە، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە ئاڵۆزی وتێکگیران رووینەدابێت ئەوەتا لە کێشەی ئێران- کۆنترا[٤٧] دا پەیوەندییەکانیان تارادەیەک ساردی بەخۆوەبینی[٤٨].

سەرەتاکانی بەکارهێنانی ئابوری وەک گوشار لەسەر عێراق لەلایەن ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە بۆ پێش سزا ئابورییەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە. دەکرێت سەرەتاکەی بگەڕێنینەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨ کاتێک عێراق گازی خەردەل بۆ سەرناوچە کوردییەکان وێرانکردنی گوندە کوردییەکان بەکارهێنا، (پیتەر گاڵبرێس) ئەندامی کۆنگرێس پێشنیاری ئەوەی کردبوو لەڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان گەمارۆ ئابوری توند بخرێتەسەر عێراق[٤٩]، جگە لەوەش کاتێک سەدام حسێن لە وتارێکدا ئاماژەی بە هەبوونی چەکی کیمیاویی کردبوو وهەڕەشەی لە ئیسرائیل کرد، بەهەمان شێوە هەریەک لە جۆن کیلی ودینیس رۆس راسپیران بۆ ئامادەکردنی پلانێک بەمەبەستی سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکان بەسەر عێراق، بەڵام تێکرای ئەم هەوڵانە راگیران بەهۆی خواستی ئەمریکا لەو قۆناغەدا بۆ تێکنەچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا[٥٠]

---

[٤٦] عادل محمد حسين عليان: العراق فى السياسة الامريكية المعاصرة، أطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠١١، ص١٩٩

[٤٧] ئێران-کۆنترا: هەندێکجار وشەی ئابروچوون یاخود کێشەی بۆ بەکاردبرێت، مەبەست لێی ئەو یارمەتییە سەربازییانەی ئەمریکایە بۆ ئێران لەبەرامبەر ئازادکردنی بارمتە ئەمەریکییەکان کە لەماوەی بەڕێوەبەرایەتی رۆناڵد ریغن ١٩٨١-١٩٨٩ سەرۆکی ئەمریکا روویدا. پرۆسەی دادگایکردنەکە لە ساڵی ١٩٨٦ لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمریکی دەستیپێکرد. بڕوانە:

**Iran-Contra scandal unravels: https://www.history.com/this-day-in-history/iran-contra-scandal-unravels**

[٤٨] رياض مزبان: م.س، ص٦٧.

[٤٩] گۆران ابراهیم ساڵح: دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراقدا ٦ ئازاری ١٩٧٥-٢ ئابی ١٩٩٠، چاپخانەی رۆژهەڵات-هەولێر، ٢٠١٣ل٢٧٣-٣٠٩ بۆ دەقی بەڵگەنامەکە بڕوانە: محمد احسان: كردستان ودوامة الحرب، دار الحكمة- لندن، ٢٠٠٠، ص ص٢٩٣-٢٩٦.

[٥٠] كريمة زهدى القصاص: م.س، ص٢٥

لەگەڵ داگیرکردنی کوەیت دا لەلایەن عێراقەوە، لە سەردەمی جۆرج بۆشی باوکدا ئەمریکا بەشێوەیەکی خێرا جوڵەی دبلۆماسی خۆی دەست پێکرد رووبەرووی ئەم تەنگژە جیهانییە بۆوە چونکە بەرژەوەندییەکانی لەمەترسیدابوو[٥١]، بۆیە یەکەم هەنگاو کە گرتیەبەر بلۆککردنی پارەکانی کوەیت وعێراق بوو ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی ئەم پارانە وەک فشاری ئابوری زیاتر بۆ سەر عێراق بەکاربهێنرێت وپاشتر ببێتە ئامرازێکی دڵنیایی بۆ دانەوەی ئەو قەرەبووانەی دەکەونە ئەستۆی عێراق لە ئایندەدا[٥٢].

ئەمریکا، دوای دڵنیابوون لە هەڵویستی ئەندامانی تری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لە ٤ی ئابی ١٩٩٠ پرۆژە بڕیارێکی پیشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کردوو و داوای سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکان بەسەر عێراقدا کرد تاکو عێراق لە کوەیت بکشێتەوە، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایش لە ٦ ئابی ١٩٩٠ بڕیاری ٦٦١ دەرکرد کە بەپێی ئەم بڕیارە گەمارۆ ئابورییەکانی بەسەر عێراقدا سەپێنرا بەشێوەیەک وێنەی نەبوو لە مێژووی مرۆڤایەتییدا[٥٣]، لەگەڵ مکوڕبوونی عێراق لە نەکشانەوەی لە کوەیت، ئەمریکا گوشارەکانی لەسەر ئەنجومەنی ئاسایش زیادکرد بە ئامانجی بەهێزترکردنی گەمارۆکان ورێگەدان بە بەکارهێنانی هێز ئەوەتا جۆرج بۆشی باوک بێ سودی وبێهودەیی گەمارۆی ئابوری راگەیاند ئەگەر هێزی لەگەڵ دابەکارنەیت، لەم بارەیەوە وتی: " گەمارۆی ئابوری دەریایی کارێکی گرنگ، پێویستە بۆ پتەوکردنی جێبەجێکردنی گەمارۆ ئابورییەکان..."[٥٤] هەربۆیە ئەنجومەنی ئاسایش لەژێر کاریگەری ئەمریکا بڕیاری ٦٦٥ دەرکرد کە تێیدا گەمارۆی دەریایی سەپاند وپاشتر بە مەبەستی زیاتر لە چوارچێوە گرتنی عێراق بڕیاری ٦٧٠ی دەرکرد وگەمارۆی ئاسمانی سەپاند. بەمشێوەیە فشارەکانی ئەمریکا، جێگەی خۆی گرت وتێیدا گەمارۆیەکی توندوگشتگیری رووبەڕووی عێراق کردەوە[٥٥].

لە دوای کشانەوەی عێراق لە کوەیت وراگرتنی کردە سەربازییەکان، بەپێێ بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی زێترکرد بۆ بەردەوامیدان بە گەمارۆ ئابورییەکان وهێشتنەوەی عێراق لە ژێر گوشاری گەمارۆ ئابورییەکان. بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژە بریارێکی نوێ پێشکەش ئەنجومەنی ئاسایش کرد، کە چەندین مەرجی نوێی تێدابوو بۆ لابردنی گەمارۆ ئابورییەکان. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەژیر گوشاری ئەمریکا بڕیاری ٦٨٧ لە ساڵی ١٩٩١ دەکرد کە بە

[٥١] حافظ برجاس: الصراع الدولی علی النفط العربی، بیسان-٢٠٠٠، ص٣٠٩

[52] Mahvash Alerassool; Freezing Assets thw USA and the Most effective economic sanction, Macmillan, 1993, P.172

[٥٣] علی عطیة کامل الازیرجاوی: دور الولایات المتحدة الامریکیة فی فرض الحصار الاقتصادی علی العراق من خلال مجلس الامن الدولی ١٩٩٠-٢٠٠١، أطروحة دکتوراو غیر منشورة، کلیة الاداب-جامعة ذی قار، ٢٠٢٠، ص٦٨-٦٩

[٥٤] زیانی نوال: م.س، ص١٣٧

[٥٥] الامم المتحدة: مجلس الامن، القرارت الحالة العراق والکویت، القرار٦٦٥، ١٩٩٠/٨/٢٥ S/RES/665-1990؛ القرار٦٧٠، ١٩٩٠/٩/٢٥ S/RES/670-1990

دریژترین بریار لەمێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت[٥٦] بەجۆرێک لەمیانی ئەم بڕیارەدا، پرۆسەی هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکانی بەستەوە بە کۆمەڵە مەرجێکی نوێ تا عێراق لەپای هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان پابەندی بێت وەک قەرەبووکردنەوە کوەیت، لەناوبردنی چەکە کۆکوژی و کیمیاویی وبالیستییەکان ومافی مرۆڤ[٥٧]. ئەمە جگە لەوەی توانی سیستمی سزای بەردەوام بسەپێنێت، بەدەر لەوەی مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی بەخشی بە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی هەر پرۆژەیەک کە باسی هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان بکات، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەریەک لە ئەندامە هەمیشەییەکان دەتوانێت ڕێگربێت لەبەردەم هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان کە بەریتانیا وئەمریکا لەم ماوەیەدا ئەم دەسەڵاتەیان بەکارهێنا [٥٨].

لەسەردەمی بۆشی باوکدا یەکێک لەو ستراتیژیانەی ئەمریکا بریتی بوو لە راوەستان بەرامبەر هەر هەوڵێک بۆ لابردنی گەمارۆ ئابورییەکان، ئەوەتا لەساڵی ١٩٩١ بیرۆکەی سیستمی چاودێری بەردەوام خرایەروو لەلایەن فەرەنسا وروسیاوە بەرامبەر هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان، بەڵام ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم هەوڵەی رەتکردەوە وپەسەندی نەکرد[٥٩].

لەسەردەمی بیل کلینتۆن ١٩٩٣- ٢٠٠١ هیچ گۆڕانکارییەکی بناغەیی لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق نەهاتەکایەوە، بەڵکو بەردەوام بوو لەسەر سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکان. لە ١٩٩٣/٣/٢٨ لە وتاریکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆتایهاتنی گەمارۆ ئابورییەکان بە پابەندبونی عێراق بە کۆی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەستراوەتەوە. ئەمە لەکاتێکدابوو پەیڕەو سیاسەتی کۆنترڵکردنی دووسەرە-Dual Containment [٦٠] دەکرد کە یەکێک لەکۆڵەکەکانی لە عێراق

[٥٦] علی عطیة كامل الازيرجاوی: م.س، ص١٢٤-١٢٦

[٥٧] آ.عمار شرعان: العقوبات الاقتصادية كاحدى ادوات السياسة الخارجية الامريكية دراسه المقارنة ايران وكوريا الشمالية، برلين-المانيا، ٢٠٢١، ، ص٥٨؛ الامم المتحدة: مجلس الامن، القرارات الحالة العراق والكويت، القرار٦٨٧، ١٩٩١/٤/٣-S/RES/687-1991

[٥٨] علی عطیة كامل الازيرجاوی: م.س، ص١٢٨.

[59] George A.Lopez, David Cortright: Contaninig Iraq: sanction Worked, Foreign Affairs, Vol.83, No.4, 2004, P.96

[٦٠] سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی دووسەرە Dual Containment: مەبەست لێی ڕێگەگرتنە لە باڵادەستبوونی هەردوو هێزی ئێران وعێراق لە ناوچەی کەنداوی فارسییدا لەسەر ئاستی سیاسی وستراتیژی، ئەم ستراتیژیەتە، کارلیکی مامەڵەنەکردن و بەرەنگاربونەوە وبەرهەڵستیکردنی هەردووحوکمڕانی لەخۆگرتوە بە دژە بەرژەوەندی داناون، بۆ یەکەمجار ئەم دەستەواژەیە لەلایەن مارتن ئەندیک لە پەیمانگەی واشنتن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی خواروو بەکارهات و لە ماوەی بەڕێوبەرێتی کلینتۆن ١٩٩٣- ٢٠٠١ وەک سیاسەتی دەرەکی پەیڕەوکراوە، شایەنی گوتنە ئەم سیاسەتە دواتر گۆرانکاری بەسەردا دێت بۆ بەربەستی دەستڕۆیشتووی یەکلایەنە وتەنها لەئاست عێراقدا بەکاردەبرێت.. بڕوانە: https://www.danielpipes.org/265/two-cheers-for-dual-containment ؛ جعفر بهلول جبار: تاثيرات الابعاد السياسية والاقتصادية للاحتلال الكويت على دول الجوار، ماجستير-جامعة النهرين-كلية العلوم السياسية، ٢٠١٣، ص٢٦.

دا گوشاری ئابوری بوو لەمیانی بەردەوامبوونی گەمارۆ ئابورییەکان[٦١]

دوا بەدوای سوربوونی ئەمریکا لەسەر بەردەوامیدان بە گەمارۆ ئابورییەکان و زیادبوونی چەرمەسەرییەکانی هاوڵاتیانی عێراق. ئەمریکا بە مەبەستی کەمکردنەوەی ناڕەزایی و قەیرانەکانی گەمارۆی ئابووری و خراپبوونی باروگوزەرانی خەڵک، پرۆژە بڕیاری ٩٨٦ پێشکەش کرد کە لە ١٩٩٥/٤/١٤ پەسەندکرا، بە گویرەی ئەم بریارە ڕێگەدرا بە هەناردەکردنی نەوت بە بڕی ١ ملیار دۆلار بۆ ماوەی شەش مانگ. کە بە بڕوای ئەمریکا ئەم بڕیارە بەردەوامیدان بوو بە گەمارۆ ئابورییەکان[٦٢].

بەدرێژایی بەڕێوەبەرێتی کلێنتۆن، ئەمریکا سیاسەتی سندوقی داخراوی پەیڕەو کرد کە هەمیشە پێداگربوو لەسەر نوێکردنەوەی گەمارۆ ئابوریەکان[٦٣]. لەم بارەیەوە مادلین ئۆڵبرایت پێداگری لەسەر بایەخ وسودی گەمارۆ کردووە و پێیوابووە سەدامی ناچارکردووە سازش بکات ودان بە سەربەخۆیی کوەیت دا بنێت، هەروەها ئۆڵبرایت دەڵێت: "باوڕم وایە ئەم بژاردەیە سەختە، بەڵام باوەرمان وایە نرخیکە دەبێت بدریت.." و" تا سەدام لەسەر دەسەڵات بێت گەمارۆ بەردەوام دەبیت...."[٦٤]

لەسەرێکی دیکەوە، ئەمریکا، لەمیانی دەستوەردان وکۆسپ خستنەبەردەم هەر بڕیارێک کە بە قازانجی سوککردنی گەمارۆ ئابورییەکان هەبێت، هەژمونی خۆی بەسەر بڕیار ولیژنەکاندا چەسپاندبوو، ئەوەتا لەنێو لیژنەی ٦٦١ دا، کە تێیدا بڕیار بە نهێنی بوو، بەردەوام کۆسپی دەخستەبەردەم گەیشتنی یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان ونزیکەی ٩٥٪ داواکارییەکان ڤیتۆی لەلایەن ئەمریکا وبەریتانیاوە بەرامبەر بەکاردەهێنرا[٦٥]، بەجۆرێک لەسەرەتای پرۆسەی خوێندن لیستی کڕینی قەڵەم ڕەساس، گۆرەوی، کاتژمێری دەستی رەتکرایەوە[٦٦]، هەروەها داواکارییەکانی بولگاریا بۆ ناردنی شیری وشک، لەلایەن نوێنەری ئەمریکاوە رەتکرایەوە[٦٧]، ئەمە دواتر سەری کیشا بۆ ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی بەرنامەی نەوت بەرمبەر بە خۆراک بەجۆرێک لە مانگی سێی ساڵی ١٩٩٧ لە کۆی ٢٢٢ گرێبەست بۆ کڕینی پێداوایستییەکان، ئەمریکا ڕێگەی لیگرت وتەنها ڕەزامەندی بۆ ٧١ گرێبەست دەربڕی[٦٨]. ئەمە جگە لەوەی پلانی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک ڕووبەڕووی ڤیتۆی ئەمریکا بۆوە، هەربۆیە کوفی ئەنان ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمبارەیەوە بە توندی رەخنەی لە سیاسەتەکانی ئەمریکا گرت وبە کۆسپ لەبەردەم

[٦١] علی عطیة کامل الازیرجاوی: م.س، ص١٤٨؛ محمد حسنین هیکل: الامبراطوریة الامریکیة والاغارة علی العراق، ط٤، دار الشروق، مصر، ٢٠٠٤، ص١٣٢

[٦٢] غسان بنیان جلود الشویلی: الأستراتیجیة الأمریکیة تجاه العراق علی اثر احتلال دولة الکویت ١٩٩٠-٢٠٠٣ دراسة تارخیة، أطروحة دکتوراه غیر منشورة، جامعة البصرة، ٢٠١٨، ص١٩٨

[٦٣] محمد حسنین هیکل: م.س، ص١٣٢

[٦٤] فواد قاسم الامیر: العراق بین مطرقة صدام وسندان الولایات المتحدة، بغداد-٢٠٠٤، ص١٦٩-١٧٠

[٦٥] فواد قاسم الامیر: م.س، ص١٧٨

[٦٦] ن.م، ص١٧٩-١٨١.

[٦٧] جۆی غوردون: م.س، ص٧٨

[٦٨] جیف سیمونز: التنکیل بالعراق...، ص٢٨٢

بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک لە قەڵەم دا[٦٩].

پرسی چەکەکۆکوژەکان ولەناوبردنی بە یەکێک لەو ئالنگارییانە دادەنرێت کە رووبەرووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبۆوە، بۆیە پەنای بردبوە بەر لایەنی سەربازی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی هاوسەنگی لە بوارەکانی چەکدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ئەمریکا پێیوابوو بڵاوبونەوەی چەکەکۆکوژەکان هەڕەشەن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا[٧٠]، هەربۆیە یەکێک لە کۆڵەکەکانی سیاسەتی کۆنترۆڵی دووسەرە لەهەمبەر عێراق لەناوبردنی چەکەکۆکوژەکان وپشتگیریکردنی پرۆسەی پشکنین بوو[٧١]. لەبەرئەمە لەگەڵ کۆتایهاتنی جەنگی کەنداو، ئەمریکا رەشنوسی بریاری پشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، تێیدا لەناوبردنی چەکە کیمیاویی وبایلۆجی وموشەکەکانی بە ئامانج گرتبوو. لە ١٩٩١/٤/٣ بڕیاری ٦٨٧ دەرکرا کە تێیدا لە بڕگەی ج/٧-١٤ بۆ تەرخانکرا[٧٢]. لەم چوارچێوەیەشدا ئەمریکا جگە لەوەی بەردەوام هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی لەپای پاپەندنەبوونی عێراق بە داواکارییەکانی لیژنەی پشکنین، دەکرد. ئەوەتا کاتێک عێراق داوای کرد کە لە رووماڵکردنی جێگە سەربازییەکان بە بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر، نوێنەری عێراق ئامادەگی هەبێت رووبەرووی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی ئەمریکا بۆوە[٧٣]، ئەمە جگە لەوەی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا رۆڵیان هەبوو لە پیشکەشکردنی راپۆرت لەبارەی هەبوونی پرۆگرامی چەک لەلای عێراق بۆ پشکنەران[٧٤]، تەنانەت بە گوتەی هانز بلێکس، دیڤید کای سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی "سیخورێکی ئەمریکی" بوو[٧٥]. بەو شێوەیە بەهۆی فشارە بەردەوامەکانی ئەمریکا، هەردوو ئاژانسەکە ڕۆڵیان لە "پشکنینەوە گۆڕابوو بۆ دادگای پشکنین"[٧٦].

فشاری بەردەوامی ئەمریکا لەسەر بەهێزکردنی گەمارۆ ئابورییەکان بە پاساوی هەبونی پرۆگرامی خۆپڕچەککردنی لەلای عێراق، بەتایبەتی پاش ئەوەی ریچارد باتلر گەورە پشکنەران لە راپۆرتەکەیدا بۆ نەتەوە یەکگرتوەکاندا، دڵنیای دا لەهەبونی چەک، ئەمە لەکاتێکدابوو عێراق هێچ ئاسۆیەکی نزیک ودووری بەدی نەدەکرد بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان، لەبەرئەوە حکومەتی عێراقی هاوکاریکردنی لیژنەی یونسکۆی هەڵپەسارد ولیژنەکە بە ئامرازی دەستی ئەمریکا دانا[٧٧]، ئەم تەنگژەیە، دەرگای لەبەردەم ئەمریکا کردەوە بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی عێراق ولێدانی

---

[٦٩] علی عطیة کامل الازیرجاوی: م.س، ص ص١٩٠-١٩١، ٢٠٧

[٧٠] سعد شکر شبلی: التحدیات الامنیة للسیاسة الخارجیة الامریکیة فی الشرق الاوسط فی مرحلة ما بعد الحرب الباردة، رسالة ماجستیر غیر منشورة، کلیة العلوم السیاسیة- جامعة الشرق الاوسط، ٢٠٠٨، ص٩٢-٩٣.

[٧١] واثق محمد براک السعدون: م.س، ص٣٤٠

[٧٢] الامم المتحدة: مجلس الامن، القرار٦٨٧-١٩٩١/٤/٣ S/RES/687-1991 ؛ Alex Edwards: Op.Cit, P.60

[٧٣] جیف سیمونز: التنکیل بالعراق...، ص١١٠

[74] RODNEY P. CARLISLE: Op.Cit, P59-60

[٧٥] هانز بلیکس: م.س، ص٣٩-٤٠

[٧٦] محمد حسنین هیکل: م.س، ص١٣٣.

[٧٧] علی عطیة کامل الازیرجاوی: م.س، ص٢١٣

شوێنکارە سەربازی وبنکەکانی دروستکردنی چەک، ئەوەبوو پرۆسەی (ڕێوی بیابانی) لە ١٩٩٨/١٢/١٧ ڕاگەیاند وچەندین موشەکی بە عێراقەوە نا وشوێنی کردە ئامانج. بەرمەبنای ئەم ڕووداوانە، ئەمریکا ڕژدبوو لەسەر بەردەوامبوونی پرۆسەی پشکنین، هەربۆیە پرۆژە بڕیاریکیان بە ژمارەی١٢٨٤ بە هاوکاری بەریتانیا پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد وتێیدا لیژنەی یونسکۆمی گۆڕی بۆ لیژنەی ئەنمۆڤیک کە ئەرکی لە چاودێرکردن ولێکۆڵینەوە وپشکنین، جێی باسە ئامانجی ئەمریکا لەم پرۆسەیەدا بریتی بوو لە بەکارهێنانی هێزی زیاتر وسود وەرگرتن لەم لیژنانە بۆ بەردەوامیدان بە گەمارۆ ئابورییەکان و بەدەستخستنی کاتی زیاتر بۆ بەهێزکردنی هەژموونی خۆیان بەتایبەتی ئەمە لە کاتێکدابوو ڕووبەرووی ڕەخنیەیەکی زۆرببونەوە و پرۆسەی گەمارۆی ئابوریی خەریکبوو ڕەوایەتی نێودەوڵەتی لەدەستبدات[٧٨].

لەدوای ئەوەی جۆرج بۆشی کوڕ دەسەڵاتی گرتەدەست، لە ئاکامی زیادبوونی نارەزاییەکان وسەرنەکەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپابەندکردنی عێراق، بەرێوەبەرایەتی جۆرج بۆش لە مانگی دووەمی دەسەڵاتەکەی بیرۆکەی "سزا زیرەکەکان"ی خستەڕوو، هەرچەندە ڕووبەڕووی بەرهەڵستکاری زۆربۆوە وهەوڵەکانیش لەمڕووەوە بێ ئەنجام بوو، بەڵام دواجار ئەمریکا وبەریتانیا پرۆژە بڕیاری " سزا ئاڕاستەکراوەکان"ی بە ژمارە ١٤٠٩ لە ٢٠٠٢/٥/١٤ وەک جێگرەوەی سزا زیرەکەکان بە زۆرینەی دەنگ سەپاند کە ئەمەش بێگومان لەچوارچێوەی هەوڵەکانی ئەمریکا وبەریتانیا بوو بۆ ڕاگرتنی شکستی سیستمی سزا ئابورییەکان لەلایەک ولەلایەکی دیکەوە بەدەستهێنانی پاڵپشتی یاسایی وسەپاندنی سەرپەرشتیاری لەسەر نەوتی عێراقدا[٧٩].

بەگشتی دەتوانین بڵێین، کە بەدرێژایی ١٣ ساڵ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کۆنترۆڵی تەواوی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی کردبوو، لە ڕێگەی بڕیار ولیژنەکانەوە ئاڕاستەی سیستمی سزا ئابورییەکانی بەلای بەرژەوەندییە سیاسیی وئابورییەکانی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست کردبوو، چونکە گومانی تێدا نییە داڕێژەرانی ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا، فشاری بازرگانی ودارایی وەک چەکێکی بەهێز لەسیاسەتی دەرەکیی دەڕوانن. ئەم هەڵویستە توندەی ئەمریکا لەبەرژەوەندییەکانییەوە سەرچوەی گرتبوو کە ترسی لە دروستبوونی هێزێکی هەرێمی وەکوو عێراق هەبوو کە سەرچاوەکانی وزە-نەوت بە نرخی هەرزان و هەژموونی لەناوچەکەدا بخاتەمەترسییەوە.

### ٢-٢ بەریتانیا:

کاتێک عێراق لەشکرکێشی کردە سەر کوەیت، بەریتانیا هەستی بەترس ودوڕدونگی کرد بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی لە کوەیت وکەنداوی فارسییدا، بۆیە دەستیکرد بەهێرشکردنە سەرعێراق

[٧٨] باسیل یوسف بجک: العراق وتطبیقات الامم المتحدة للقانون الدولی ١٩٩٠-٢٠٠٣، دراسة توثیقیة وتحلیلیة، مرکز الدراسات الوحدة العربیة، بیروت، ٢٠٠٦، ص٣٠٥-٣٠٦.

[٧٩] فراس ابراهیم حمید: م.س، ص٢٢٨ ؛ رضا قردوح: م.س، ص٥٣.

وبەشداریکرد لە بەردەوامیدان بە گوشارخستنەسەری بەمەبەستی کشانەوەی لە کوەیت[٨٠]. لە هەنگاوی دواتریشدا، لە چوارچێوەی سەرکۆنەکردنی ئەم هەنگاوەی حکومەتی عێراقی، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چەند بڕیارێکی دەرکرد وەک بریاری ٦٦٠/ ١٩٩ کە تێدا داوای کشانەوەی بەپەلە کرد، ئینجا بڕیاری ٦٦١ لە ٦/٨/ ١٩٩٠ دەرچوو کە تێیدا داوای راگرتنی سەرجەم مامەڵە بازرگانی ودارایيەکانی لەگەڵ عێراقدا کرد. بەریتانیا لەم چوارچێوەیەدا بەگویرەی سەرچاوەکان رۆڵی سەرەکی هەبوو لە دەرکردنی ئەم بڕیارانەدا بەتایبەتی بڕیاری گەمارۆی ئابوری، بەجۆرێک (مارگرێت تاتشەر١٩٧٩-١٩٩٠) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بە "هێزی کاریگەر" هەژمار دەکرێت لە سەپاندنی گەمارۆی ئابوری ودەرکردنی بڕیاری ٦٦١دا[٨١].

دوا بە دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، لەرۆژی ١٩٩٠/٨/٧ بانکی ئینگلتەرا، بڕیاری بلۆککردنی سەرجەم پارەکانی عێراقی دا. هەروەها لە درێژەی بڕیارە تاکلایانەکانیدا رێگەی لە سەرجەم ئەو کەشتیانە گرت کە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ عێراق ئەنجام دەدەن، بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی وپیشەسازی بەهاوکاری نوسینگەی کاروباری کۆمنوێڵس وکاروباری دەرەکی راسپارد تاوەکو هەموو کارسازییەکی جێبەجێکردنی گەمارۆ ئابورییەکان جێبەجێ بکەن تەنانەت بەوەشەوە نەوەستا سزای حەوت ساڵ یا بێبژاردنێکی نادیاریکراو سەپاند بەسەر هەموو ئەوانەی بۆ کەرەستە قەدەغەکراو وگەمارۆدراو هاوردە وهەناردە دەکەن[٨٢].

پاشتر کە سوپای عێراق لە کوەیت کشایەوە، بەریتانیا بەشێوەیەکی بەهێزو وبەرچاو ئامادەگی هەبوو لە سەپاندنی گەرمارۆ ئابورییەکان، بۆ ئەم مەبەستە هاوبەشی دەرکردن وپێشکەشکردنی چەندین پرۆژە بڕیار بوو بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر لە بڕیاری ١٩٩١/٦٨٧ بگرە کە بە دایکی بڕیارەکان دادەنرێت تێیدا چەندین مەرجی نوێی بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان دانابوو تاکو بڕیارەکانی ٦٧٠/٦٦٥ کە گەمارۆی ئاوی وئاسمانی بەسەر عێراقدا چەسپاند. شایەنی گوتنە بەریتانیا یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکان وهاوکاری سەرەکی ئەمریکا بۆ سەپاندنی ئەم بڕیارانە بەدرێژایی ماوەی گەمارۆی ئابوری و درێژەدان پێی، دادەنرێت[٨٣].

سەرباری ئەمەش، بەریتانیا وەک هاوکارێکی سەرەکی ئەمریکا، بەردەوام رووبەرووی هەموو ئەو هەوڵانەی وڵاتانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی دەبونەوە کە پرسی هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان یا ئاسانکردنی گەمارۆکانی سەر عێراقیان دەوروژاند[٨٤]. بە جۆرێک پیتەر هین بریکاری وەزارەتی دەرەکی بەریتانیا، هەنگاوەکانی فەرەنسای لە شکاندنی گەمارێ ئاسمانی بە

[٨٠] سمير العقون: م.س، ص٢٥

[٨١] طارق يوسف اسماعيل و ويليام حداد: العراق الضريبة البشرية للتاريخ، ترجمة: خضر علي سويد، دار المامون للترجمة والنشر، ٢٠٢٢، ص٨٣؛ سعودى مناد: م.س، ص١٣٨

[٨٢] باسيل يوسف بجک: م.س، ص١٥١

[٨٣] بڕوانە بڕیارەکانی: S/RES/665-1990, S/RES/670-1990, S/RES/687-1991

[٨٤] بڕوانە: مركز دراسات الوحدة العربية: حرب على العراق يوميات-وثائق-تقارير ١٩٩٠-٢٠٠٥، بيروت-٢٠٠٧، ص٧٣٠-٧٣١

گەیشتنی دوو فڕۆکەی فەرەنسی بۆ بەغدا بە سیاسەتێکی " نەفرین وشەرمەزارانە" وەسف کرد[٨٥] وێڕای ئەمەش بەریتانیا هەژموونی تەواوی بەسەر لیژنەی سزاکاندا هەبوو، بەهاوکاری ئەمریکا سەرجەم ئەو داواکاریی وگرێبەستانەی بۆی دەهات ڕەتدەکرانەوە ئەوەتا لە کانونی یەکەمی ١٩٩٩ هەناردەکردنی گەیەنەری دژە دەفتیریا وتای زەرد ڕێگەنەدا بە بیانوی بەکارهێنانی لە بواری سەربازیدا[٨٦]، لە ١٩٩٩/٩/٢٣ حکومەتی عێراقی ڕایگەیاند کە بەریتانیا وئەمریکا، گرێبەستێکیان بە بەهای ٤٣٨ ملیار دۆلار ڕاگرتووە کە خواردن وکەرەستە کارەبا وئاو وئاوەڕۆ وپارچەی تۆڕی کارەبای لەخۆگرتووە[٨٧].

سەبارەت بە چاکدامالینی عێراق، بەریتانیا لە پرسی چەکدامالینی عێراقدا ڕۆڵێکی هێجگار مەزنی هەبوو، تەنانەت بیرۆکەی دامەزراندنی لیژنەیەکی سەربەخۆ بەناوی "یونسکۆم-UNISCOM" بیرۆکەی بەریتانیا بووە[٨٨]. ئەمە جگە لەوەی کە بەردەوام لەسەر ئاستی جیهان بانگەشە وهەڵمەتێکی فراوانی لەگەڵ ئەمریکا کردبوو لەبارەی هەوڵەکانی عێراق بۆ هەبوونی چەکە کۆکوژی وکیمیاوییەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، بەجۆرێک لە ساڵی ٢٠٠٢ تۆنی بلێری سەرۆک وەزیران هەڵمەتێکی دەست پێکردوو ودۆسیەکی فراوانی بۆ جیهان لەبارەی هەبوونی چەکە قەدەغەکراوەکان وهەوڵەکانی حکومەتی عێراقی خستەڕوو[٨٩]. لەسەرێکی دیکەوە، بەریتانیا بەوردی چاودێری کاری پشکنەرانی دەکرد تاڕادەی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٩٨ تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا وپشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان ببێتە هۆکارێک بۆ بەکارهێنانی هێز لەمیانی پرۆسەی "ڕێوی بیابان" کەهەڵمەتێکی موشەکیان ئاڕاستەی حکومەتی عێراقی کرد وچەندین زیانی مادی وگیانی لێکەوتەوە. لەساڵانی دواتریشدا بەهەمان شێوە هێز لەلایەن بەریتانیا وئەمریکا لەبەرامبەر پاپەندنەبونی عێراق، بەکارهاتەوە. تەنانەت هەوڵەکانی ڕوسیا وفەرنسا وچین بۆ لابردنی گەمارۆی نەوتی لەم کاتەدا ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوە بۆوە لەلایەن بەریتانیا وئەمریکاوە بەهۆی پاپەندنەبونی لەناوبردنی چەکەکۆکوژەکان وڕێگەپێ نەدان وهەڵپەساردنی کاری لیژنەی یونسکۆم[٩٠].

لە ئاکامی زیاتر تێکچوونی باردۆخی مرۆیی لەناو عێراقدا لەساڵی ١٩٩٤ وبەردەوامی فشارەکان لەسەر ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، پرۆژە بڕیاری ٩٨٦ پیشکەشکرا ودواتر لە مانگی ١٩٩٥/٥ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسەندی کرد، کە هەریەک لەبەریتانیا وئەمریکا تەگەرە وکۆسپیان خستەبەردەمی وهەوڵیان دەدا لەڕێگەی دانوستانەکانی نێوان حکومەتی عێراقی ونەتەوە یەکگرتووەکان پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت ڕابگرن، هەربۆیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداریان لەدانوستانەکاندا کرد و بەردەام دەستوەردانیان دەکرد و پرۆسەی لیک تێگەیشتنەکە نەگاتە ئەنجام

---

[٨٥] جیف سیمونز: استهداف العراق...، ص٢٦٨.

[٨٦] ن.م، ص٩٥

[٨٧] ن.م، ص١٣١

[٨٨] طارق یوسف اسماعیل و ویلیام حداد: م.س، ص٨٥-٨٦

[٨٩] جاسم احمد جاسم: م.س، ص١٠٩-١١١.

[٩٠] طارق یوسف اسماعیل-ویلیام حداد: م.س، ص١١٩-١٢٠.

یاخود كاتی زیاتریان بەدەستەوە بێت بۆ گوشارخستنەسەر ئابوری عێراق لەكاتێكدا بارودۆخی خەڵكی سەخت ودژوارتربوو تا چۆك بە حكومەتی عێراق بدەن[٩١]

لە كۆتاییەكانی ساڵانی نەوەدەكان و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ەوە، هەریەك لە بەریتانیا وئەمریكا ڕووبەرووی ڕەخنەیەكی زۆر بونەوە، تەنانەت كاربەوە گەیشت كە پرسی لابردنی ناوچەكانی دژەفڕین ببەستنەوە بە هاوكاریكردنیان بۆ لەناوبردنی چەكەكۆكوژیی وبالیستی وكیمیاوییەكان، ئەمە جگە لەوەی گەشتە ئاسمانییەكان لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە بۆ بەغدا تەواو بەریتانیا وئەمریكا بێزاركردبوو، لێرەوە هەریەك لە بەریتانیا وئەمریكا بە گوێرەی ڕاپۆرتێك لەساڵی١٩٩٩ " ئەمریكا وبەریتانیا ئامادن بۆ پێشكەشكردنی گۆڕانكاری نوی وبنەڕەتی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتانەی دەڵێن سزاكان بەشێوەیەكی نەگونجاو زیان لە گەلی عێراق دەدەن"، بۆیە لێرەوە بەریتانییەكان پرۆژەی "سزا زیرەكەكان" ی بە پاڵپشتی ئەمریكا پێشكەشكرد كە جەختی لەسەر دروستكردنی لیستی شمەكی مەدەنی وقەدەغەكراو وئەو كەرەستانەی كە دوولایەنە(سەربازی و مەدەنی) بەكاردێن كردەوە، ئەم پرۆژەیە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆربۆوە ونەیتوانی ڕەزامەندی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، وێرای جوڵە دبلۆماسییەكانی ئەمریكا وئینگلتەرا بۆ بەئاكام گەیشتنی[٩٢]. لەگەڵ شكستی هەوڵەكان، هەریەك لە بەریتانیا وئەمریكا بەردەوام بوون لە پێشكەشكردنی پرۆژە بۆ بەردەوامیدان بە گەمارۆ ئابورییەكان، ئەوەبوو دواجار لە ١٤/ ٦ پرۆژە بڕیاری ١٤٠٩ پێشكەشكرد كە لەنێو ناوەندی نەتەوە یەكگرتوەكان بە سزا زیرەكەكان ناسراوە[٩٣]

بەمشێوەیە، بە درێژایی ١٣ ساڵی گەمارۆ ئابورییەكان، ستراتیژیەتی بەریتانیا خۆی دەبینیەوە لە هاوبەشیكردن لەگەڵ ئەمریكییەكان بۆ گوشارخستنەسەر حكومەتی عێراقی بە بەكارهێنانی گەمارۆ ئابورییەكان بە مەبەستی لاوازكردنی و وێرای هەبوونی هاوپەیمانی ستراتیژیی نێوان ئەمریكا و بەریتانیا و بوونی بەرژەوەندییە داراییەكانی بەریتانیا لە ناوچەكەدا بەتایبەتی كوەیت.

**٢-٣: روسیا:**

پەیوەندییەكانی عێراق- روسیا لەماوەی جەنگی ئێران عێراقدا ساردوسڕی بەخۆوە بینی بەهۆی نزیكونەوەی عێراق لە ڕۆژئاوا، ئەمەش پاڵی بە عێراقەوە نا كە بەدوای سەرچاوەی دیكەی چەك بگەڕێت لە ڕۆژئاوادا[٩٤].

لەساڵی ١٩٩٠ كە عێراق، كوەیتی داگیركرد وكۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەژێر سەركردایەتی ئەمریكا هەڵویستی خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕاگەیاند، روسیا ئەگەرچی لەباردۆخێكی سیاسی گۆڕاودابوو

---

[٩١] ن.م، ص١١٥.

[٩٢] مركز الدراسات الوحدة العربية: الحرب على العراق....، ص٧٩٢ ؛ جيف سيمونز: استهداف العراق...، ص٣٠٩ ومابعدها؛ فراس ابراهيم حميد: م.س، ص٢١٨.

[٩٣] زیانی نوال: م.س، ص١٥٢

[٩٤] بشار فتحى جاسم العكيدى: موقف الروسى من الضغوط الامريكية على العراق ١٩٩١-٢٠٠٣، مجلة دراسات اقليمية، ع:١١، السنة الخامسة، ٢٠٠٨، ص٣٥٥.

لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەکی خەریکی جێبەجێکردنی چاکسازی "بیرویسترۆیکا" بوو، لەباردۆخێکی وەها دبلۆماسیەتی روسی بە دوو ئاڕاستە هەنگاوی نا' یەکەم: پاڵپشتی هەموو هەوڵە سیاسی ودبلۆماسییەکانی کرد کە کار بۆ ساناکردنی دەرهاویشتەکانی ئەم رووداوەی دەکرد. دووەم: لە چوارچیوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەمیانی بڕیاری ٦٦٠ سەرکۆنەی هێرشی بۆ سەر کوەیت کرد[٩٥]. ئینجا لە ٤/٨/ ١٩٩٠ بەشداریکرد لە دەرکردنی بڕیاری ٦٦١ کە تێیدا گەمارۆ ئابوری سەپاند بەسەر عێراق وسەرجەم مامەڵەی بازرگانی ودارایی لەگەڵ عێراق ڕاگرت[٩٦]. جێی باسە، بەشداریکردن ودانگدانی ڕوسیا لەژێر کاریگەری هەوڵە دبلۆماسییەکانی ئەمریکا وکوەیت دابوو بەجۆرێک روسیا قەرزێکی یەک ملیار وسەد ملیۆن دۆلار ومامەڵەیەکی کڕینی چەکی روسی بە بەهای یەک ملیار دۆلار لە کوەیت دەستکەوت، لەپای بێدەنگبوون ودەنگدان بە پرۆژە بڕیارەکان لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە دژی عێراق[٩٧].

لەدوای دەرپەڕاندنی سوپای عێراق لە کوەیت، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٧ دەرکرد لە ١٩٩١/٢/٢٨ کە تێیدا پرسەکانی چەکەکۆکوژەکان وقەرەبوکردنەوە وچەندین مەرجی نوێ بۆ لابردنی گەمارۆ ئابورییەکان لەخۆگرتووە. ئەم بڕیارە یەکێکە لە گرنگترین بڕیارەکان کە بۆ ماوەی ١٣ ساڵ عێراقی دیلی گەمارۆ ئابورییەکان کرد. روسەکان ئەم بڕیارەیان پەسەندکرد، لەم بارەیەوە ئیدوارد شیفرنادز وەزیری پیشووی دەرەوەی روسیا لەدوای دەرکردنی بڕیارەکە وتی: " دەرکردنی ئەم بڕیارە بۆ روسیا ئاسان نەبوو، هەمووان دەزانن پەیوەندییەکی درێژخایەنمان لەگەڵ عێراقدا هەیە...بەڵام ئامانج لەم بڕیارە بریتییە لەدانانی کۆتایی بۆ ئەم دوژمنکارییە، هیوامان وایە سەرکردایەتی عێراق درک بەم بەرپرسیاریەتییە بکات".ئەم هەڵوێستانەی روسیا هاوکات بوو لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤێت وپرۆسەی بیروستریکای روسیا ئەمەش وایێویست کرد کە دوور بێت لەهەر جۆرە پێکدادانێک لەگەڵ ئەمریکادا[٩٨] بەمشێوەیە روسیا بەشدارییەکی کرداریانەی کرد بۆ سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکان. هەربۆیە ماوەی سالانی ١٩٩١-١٩٩٤ بە لاوازی پەیوەدنییەکانیان بەهۆی پابەندبوونی روسیا بە جێبەجیکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکانەوە کە خۆی لە گەمارۆ ئابورییەکان دەبینیەوە، هەژمادەکرێت. بەڵام هەندێکجاریش روسیا رووبەرووی گەمارۆ ئابورییەکان وەستاونەتەوە ئەوەتا لەساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ پەرلەمانی روسیا داوای کردووە کە لە سیستمی سزا بکشێتەوە وپەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەست پێبکاتەوە[٩٩]. تەنانەت وەفدێکی روسی بەسەرۆکایەتی ڤلادیمێر جیرنوفیسکی سەرکردەی حزبی دیموکرات لیبرالی روسی سەردانی بەغدادی

[٩٥] کریس کۆچێرا: الكتاب الاسود لصدام حسين، ترجمة: خسرو بوتانی، دار ئاراس للطباعة والنشر-اربيل،٢٠٠٧، ص٣٢٢-٣٢٣

[٩٦] الامم المتحدة: مجلس الامن، حالة العراق- الكويت، القرار ٦٦١، ١٩٩٠/٨/٢- S/RES/661-1990

[٩٧] مازن سهمى السعدى: العلاقات العراقية الروسية ١٩٩١-٢٠٠٣، اطروحة دكتوراه غير منشورة- كلية العلوم السياسية، جامعة المستنصرية، ٢٠٠٥، ص١٢٢.

[٩٨] بشار فتحى جاسم العكيدى: م.س، ص٣٥٧.

[٩٩] على محمد عيدان الجبورى: العلاقات العراقية-الروسية ١٩٩١-٢٠١١، بيروت-٢٠١٢، ص٨٠

کردوو و داوای هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکانی کرد[١٠٠]

لەساڵی ١٩٩٣ بەدواوە، وەرچەرخانێک لەستراتیژیەت وسیاسەتی دەرەکی روسیا هاتەکایەوە، لەسەر ئاستی دەرەوە، ئاراستەی دووبارە دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق سەریهەڵدایەوە، ئەوەش لەڕێگەی گەشتی وەفدەکانی پەرلەمانی روسی بۆ عێراق وهەوڵەکانیان بۆ دووبارە گێرانەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان دەستی پێکرد. سەرباری بەشداریکردن وپێشکەشکردنی چەند پرۆژە بڕیار وهەوڵێک لەگەڵ هەریەک لە چین وفەرەنسا بەمەبەستی لابردن یاخود سوککردنی گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر عێراق. هەر لەم چوارچێوەیەشدابوو ئەندریە کوزیرف وەزیری دەرەوەی روسیا پاش چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەدام حسێن سەرۆکی عێراق گەشتە دبلۆماسییەکانی بۆ وڵاتانی کوەیت دەست پێکرد و تێیدا بەروونی ئاماژەی بەوە کرد کە دانپێدانانی عێراقی پێیە بە سنوری کوەیت بەڵام کوەیتییەکان ئەمەیان ڕەتکردەوە. تەنانەت روسەکان ئامادەگییەکی باشیان نواند لە چارەسەرکردنی کێشەی جوڵەپێکردنی هێزەکانی عێراق لە مانگی ١٩٩٤/١١ بۆ سنوری کوەیت بەچەشنێک هەوڵە دبلۆماسییەکانی روسیا نەبوایە کاریگەر ودەرهاویشتەکانی بۆ عێراق لەنێو ناوەند نێودەوڵەتییەکاندا، خراپتردەبوو[١٠١].

لە نیسانی ١٩٩٥ بۆ رووبەرووبونەوەی خراپی ژیان وگوزەرانی خەڵکی عێراق ولەژێر فشاری نێودەوڵەتی، ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی بڕیاری ٩٨٦ کە ناسراوە بە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک دەرکرد، کەتێیدا ڕێگەدرا بە فرۆشتنی نەوتی عێراق بە بەهای یەک ملیار دۆلار بە مەبەستی کڕینی کەلوپەلی خۆراک ودەرمان. روسیا هەر زوو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ بەئاکام گەیشتنی، ئەوەبوو پشتگیری ئەم پرۆژە بڕیارەی کردوو و هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ ئەوەی عێراق ئەم پرۆژە پەسەند بکات چونکە لەرووی ئابوورییەوە سودی زۆری بۆ روسیا دەبوو. لەم بارەیەوە دبلۆماسیەکی عێراقی دەڵێت "پەسەندکردنی ئەم پرۆژە لەبەرامبەر بەڵێنی روسیا وفەرنسا بوو بۆ هەڵگرتنی تەواوی گەمارۆ ئابوورییەکان". لەم قۆناغەدا روسیا دەستیکرد بە وەبەرهێنانی نەوت لە عێراق بەجۆرێک کۆمپانیا روسییەکان زیاتر لە ٤٠٪ هەناردەی نەوتی عێراقیان بەرکەتبوو، هەروەها عێراق گرێبەستیک لەگەڵ کۆمپانیای زارۆبجنیفت Zarubezhneftی روسی کرد بە بڕی ٨ ملیۆن دۆلار بۆ کارکردن لە ٤٥ کێڵگەی نەوت. بە گشتی کۆی ئەو گرێبەستانەی لە چوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک کراوە نزیکەی ٩٠٠ گرێبەست دەبوو کە تێیدا نزیکەی ٣٠٠ کۆمپانیا روسی بەشێوەیەکی بەرچاو پشکیان لەم گرێبەستانەدا هەبوو[١٠٢]. جگە لەمەش، لەساڵی ١٩٩٧ وزیری نەوت و وزەی روسی پیوتەر رودیونوف سەردانی بەغدای کرد وبە بەهای ٢٠ ملیار دۆلار رێکەوتننامەیەکی نەوتیان بەست بە مەرجیک دوای هەڵگرتنی گەمارۆکان ئەم رێکەوتنە جێبەجێ بکرێت. هاوکات رێکەوتنێک لەگەڵ کۆمپانیای لوک ئۆیلی روسی کرا بە بەهای ٨,٣

---

[١٠٠] بشار فتحی جاسم العکیدی: م.س، ص٣٥٨.

[١٠١] مازن سهمی السعدی: م.س، ص١٢٥

[١٠٢] علی محمد عیدان الجبوری: م.س، ص٨٣-٨٤

ملیاردۆلار بۆ پەرەپیدان بە کێڵگەی نەوتی رۆژئاوای کێلگەی قەرنەی نەوتی لە باشوری عێراق بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ[١٠٣].

دوابەدوای کۆتایهاتن وراگرتنی کاری لیژنەی تایبەت بە پشکنین لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە، نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ژمارە ١٢٨٤ لە ١٧ کانونی دووەمی ١٩٩٩ دەرکرد ولیژنەی ئەنمۆڤیک پێکهێنرا. ئەم بریارە توشی ڕەخنەیەکی زۆر بۆوە لەلایەن روسیاوە، ئەوەبوو دەنگی بە بڕیارەکە نەدا تەنانەت پرۆژەیەکی جێگرەوەی پیشکەشکرد، ئەگەرچی پرۆژەکەی رەتکرایەوە بەڵام روسیا پێیوایە لیژنەی پێشوو بۆتە هۆکاری بەکارهێنانی هێزی سەربازی، ئەمەش پێچەوانەی بنەما نێودەوڵەتییەکانە، ناکرێت هەمان رێککار بگیرێتەبەر[١٠٤].

روسیا لەسەردەمی پۆتین بەهەمان شێوەی سەردەمی پێش خۆی بەردەوام بوو لە هەڵوێستی بەرامبەر بە سزا ئابورییەکان ئەوەتا تاریق عەزیز لەساڵی ٢٠٠٠ سەردانی مۆسکۆ کرد و رایگەیاند کە روسیا هیواداره گەمارۆ ئابورییەکان هەڵبگیرێت لەسەر عێراق. لەپاڵ ئەمەشدا لەم قۆناغەدا روسیا کاتێک پرۆژە بڕیاری سزا زیرەکەکان لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا پێشکەشکرا، بە توندی پاریزی خۆی بەرامبەر پرۆژەکە راگەیاندوو وهەڕەشەی بەکارهێنانی ڤیتۆی کرد چونکە پێیوابوو ئەم جۆرە بڕیارە دەبێتەهۆی کەمبونەوەی ئاڵوگۆری بازرگانی وکاری کۆمپانیا روسیەکان دەخاتەمەترسییەوە[١٠٥]. ئەوەتا ئیگۆر ئیڤانۆڤی وەزیری دەرەوەی روسیا بە راشکاوانە لەنامەیەکیدا بۆ کۆڵن پاوڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دان بەمەدا دەنێت ودەڵێت:" ئێمە وا ئەم پلانە دەبینین کە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ بەرژەوەندییە بازرگانی وئابورییەکامنان لە عێراقدا" لەراستییدا، هەرەشەکانی روسیا بە بەکارهێنانی ڤیتۆ کاری خۆی کرد وبووە هۆکاری ئەوەی ئەم پرۆژەیە بە ئەنجام نەگات[١٠٦].

وێڕای ئەمەش، لەسەردەمی پۆتین دا وەک درێژەپێدەری سەردەمی پێشوو، پەیوەندییە بازرگانییەکانی هەردوو وڵات بەردەوام بوو، بوو بە گەورەترین هاوبەشی بازرگانی بۆ عێراق بەچەشنێک قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوانی هەردوو دەوڵەتدا گەیشتە ٢,٥ ملیار ونیو لەساڵی ٢٠٠١ دا[١٠٧].

ئەم ئاڕاستەیەی حکومەتی عێراقی بەئامانجی بەستنەوەی روسیا بوو بە تۆڕێکی بەرژەوەندی ئابوری گەورە ودرێژخایەن کە پاڵ بە روسیاوە بنێت بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی سیاسی گونجاو ولایەنگر بۆ عێراق بەتایبەتی روسیا ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیە. هەروەها روسیا لەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤێت وپرۆسەی نوێکردنەوە بەدوای شوێن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتێکی دەرەکیی دەگەڕا کە بەرژەوەندییە ئابورییەکان و

---

[١٠٣] بشار فتحى جاسم العكيدى: م.س، ص٣٦٨.

[١٠٤] ن.م، ص ٣٦٠-٣٦١

[١٠٥] كريس كوتشيرا: الكتاب الاسود لصدام حسين، ت: خسرو بوتانى، دار ئاراس للطباعة والنشر-اربيـل،٢٠٠٧، ، ص٣٣٩؛ مازن سهمى السعدى: م.س، ص١٤٢

[١٠٦] فراس ابراهيم حميد: م.س، ص٢١٣.

[١٠٧] على محمد عيدان الجبورى: م.س، ص٨٨.

دبلۆماسییەکانی لەناوچەی کەنداو بپارێزێت.

**٢-٤: فەرەنسا:**

پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا وعێراق لەسەردەمی سەدام حسێن، پەیوەندییەکی سەقامگیر و باش بوو. فەرەنسا پێگە وجێگەیەکی تایبەتی هەبوو لە چوارچێوەی بونیادنانی بەرنامەی ئەتۆمی عێراقدا، پاشان لەماوەی جەنگی عێراق ئێران دا، فەرەنسا رۆڵێکی هێجگار گەورەی لە پاڵپشتیکردن و دابینکردنی چەک وکەرەستەی سەربازی هەبوو لەبەرامبەر بەشداریکردن لە هەندێک جیاوکی ئابوری لە بواری وزە ولە قۆناغی ئاوەدانکردنەوەی دوای جەنگ، لەگەڵ ئەمەشدا کاتێک کە هێرشی عێراق بۆ کوەیت کرا، فەرەنسا بێ دوودڵی سەرکۆنەی کرد وبێزاری لە حکومەتی بەغدا دەربڕی[١٠٨].

لەلایەکی ترەوە کاتێک ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی لە ١٩٩٠/٨/٦بڕیاری ٦٦١ دا بۆ سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکان لەسەر عێراق، فەرەنسا چوە پاڵ هەوڵە نێودەوڵەتییەکان وپشتگیریکردن لێی[١٠٩] بەڵام رەتیکردەوە گەمارۆی ئابوری بە ئامرازی سەربازی لە قەلەم بدرێت چونکە پێیوابوو گەمارۆ ئابوری ئەنجامی باشتر دەهێنێتەکایەوە. دواتر کە عێراق هێرشی کرد سەر باڵیۆزخانەی فەرەنسا، فرانسو میتران کۆمەڵە بڕیارێکی دەرکرد وەک پاڵپشتیکردنی هێزی سەربازی فەرەنسی لە کەنداو بەجۆرێک نزیکەی ١٢ هەزار سەربازی فەرەنسی بەشداریانکرد[١١٠].

لە هەنگاوی دواتریشدا، فەرەنسا تاکلایەنە گەمارۆی خستەسەر عێراق، ئەوەبوو مەرسومی ژمارە: ٩٠-٦٨١ لە ١٩٩٠/٨/٢ دەرکرد کە تییدا داراییەکانی عێراقی بلۆک کرد و سەرجەم مامەڵە داراییەکانی لەگەڵ عێراق ڕاگرت. هەروەها لە ١٩٩٠/٨/٤ فەرمانی تایبەت بە دارایی دەرچوو، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە دەستەیەک دانرا بۆ هەماهەنگی نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان. جگە لەمەش ڕێنمایی تایبەتی بۆ پیادەکردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرکرد وسیاسەتی نیشتمانی دانرا بۆ جێبەجێکرنی سیستمی گەمارۆکان[١١١].

فەرەنسا بەوپییەی ئەندامێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، سەرەتا ئامادەگی ورۆڵیکی سەرەکی هەبوو لە بەهێزترکردنی گەمارۆ ئابورییەکان لەسەر عێراق لەمیانی پێشکەشکردنی هەندێک پرۆژە بڕیار ئەوەتا لە دانیشتنی ٢٩٨١ بڕیاری ٦٨٧ پێشکەشکرد کە یەکێک لە درێژترین بڕیارەکانی ئەنجومەن دادەنرێت. تێیدا کۆمەڵە مەرجێکی نوێ بۆ سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکان دانا، کە بەدرێژایی ماوەی گەمارۆکان بابەتی سەرەکی وفاکتی بەردەوامی گەمارۆکان بوون. هەروەها بڕیاری ٦٧٠ گەمارۆی دەریایی، جگە لەمەش بەشداربوو لە پیادەکردنی ناوچەی دژەفڕین لە باکور وباشوری عێراق کە رۆڵێکی بەهیزی هەبوو لە دابینکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان وئەنجامدانی کردارە سەربازییەکان و ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان وپاراستنی

---

[١٠٨] محمد قجالی، م.س، ص٥٩-٦٠

[١٠٩] سميرالعقون: م.س، ص٣٦؛ الامم المتحدة: مجلس الامن، القرار٦٦١-١٩٩٠/٨/٦ S/RES/661-1990

[١١٠] سميرالعقون: م.س، ص٢٦

[١١١] باسيل يوسف بجک: م.س، ص١٥١-١٥٢

مافەکانی مرۆڤ[١١٢].

لەدوای زیادبوونی چەرمەسەریی وکێشەکانی گوزەران وژیانی خەڵکی، فەرەنسا ستراتیژیەتی خۆی گۆڕی ورژدبوو کە پێگەوشوێنی خۆی لە پرسە نێودەوڵەتییەکاندا ببینێت، بۆیە هەوڵی نزیکبونەوەی لەگەڵ عێراق دا، ئەوەتا لەساڵی ١٩٩٤ چەندینجار بەهاوکاری و هاوبەشی وڵاتانی تری ئەنجومەنی ئاسایش داوای هەڵگرتن وسوککردنی گەمارۆ ئابورییەکانی سەر عێراقی کردووە وەک ساڵی ١٩٩٤ کە تێیدا پرۆژە بریارێکی بەرزکردەوە و داوای کرد دان بە سەرکەوتنەکانی عێراق لەبواری لەناوبردنی چەکە کیمیاویی وبایلۆژییەکان، دابنرێت وگەمارۆی نەوتی لەسەر لابرێت[١١٣]، بەهەمان شێوە لەساڵی ١٩٩٨ پرۆژە بڕیارێکی پیشکەشکرد بۆ لابردنی گەمارۆی نەوتی لەبەرامبەر دانانی سیستمی چاودێری لایەنی چەکداری وسەربازی وخۆپڕچەککردن. جێی باسە ئەم هەوڵانە فەرەنسا هەمیشە رووبەڕووی ڤیتۆی بەریتانی وئەمریکا بۆتەوە، بێ ئەنجام بووە[١١٤]. بەڵام هەڵوێست وپاڵپشتێکی باش وبەهێز ویارمەتیدەربووە بۆ سیاسەتی دەرەکی عێراق

سەرباری ئەمەش، رۆڵی بەهێزی هەبوو لە رازیکردنی عێراق بە ڕیککەوتننامەی لێکتێگەیشتنی نێوان عێراق ونەتەوە یەکگرتوەکان لەبارەی بڕیاری ٩٨٦ کە بە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک ناسراوە، لەم بارەیەوە دبلۆماسیکی عێراقی وتویەتی" پەسەندکردنی ئەم پرۆژە لەبەرامبەر بەڵێنی روسیا وفەرنسا بوو بۆ هەڵگرتنی تەواوی گەمارۆ ئابورییەکان "، جگە لەوەی فەرەنسا لە ٦ کانونی دووەمی ١٩٩٥ بەشی چاودێری بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا لەبەغدا، کردەوو. ئالان ژۆبیە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق تاریق عەزیز کۆبۆوە بە ئامانجی دڵنیای بون لە بەشداری فەرەنسا لە بازاری عێراق، تەنانەت لە هەنگاوێکی تردا لەساڵی ١٩٩٦ فەرەنسا رەتیکردەوە چاودێری ناوچەی دژەفڕینی باشوور بکات[١١٥].

لەکۆتاییەکانی ساڵانی نەوەدەکان وسەرەتا ساڵانی ٢٠٠٠ دا، بەهەمان شێوە فەرەنسییەکان لەسەر کەمکردنەوەی گەمارۆ ئابورییەکان، پێداگربوو. ئەمە لەکاتێکدا کارەکانی لیژنەی تایبەت بەپشکنین لە ١٩٩٨/١٢/١٦ راگیرا وبڕیاری ١٢٨٤ درا بۆ دروستکردنی لیژنەی ئەنمۆڤیک بۆ پشکنینی چەکە کیمیایی وبایلۆژی ولەناوبردنی. فەرەنسا ئەم بریارەی رەتکردەوە وپێیوابوو ئەم بریارە بەهیچ جۆریک ژیان وگوزەرانی خەڵک سوک ناکات وهیچ جۆرە هەوڵایردنێکی تایبەت لە سزاکان دا بۆ چالاکییە ئاینییەکان، نییە [١١٦]. وێرای ئەمەش، فەرەنسا دژی پرۆژەی سزا زیرەکەکان وەستایەوە وپارێزی خۆی دەربڕێ وراگەیاند کە فەرەنسا پاپەند نییە و خێراکردن لەم پرۆژەیەدا پێویست نییە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند هەمواركردنی لەسەر پرۆژە بڕیارەکە پیشکەشکرد وەک کردنەوەی بوار بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت، رەتیکردنەوەی زیاترکردنی ئەرک لەسەر عێراق،

---

[١١٢] فراس ابراهيم حميد: م.س، ص٨٠؛ الامم المتحدة: مجلس الامن، القرار S/RES/670-1990, S/RES/687-1991

[١١٣] مركز دراسات الوحدة العربية: م.س، ص٧٣١

[١١٤] طارق يوسف اسماعيل، ويليام حداد: م.س، ص١٢٠-١٢١

[١١٥] جيف سيمونز: التنكيل بالعراق... ص٩١، ٩٦

[١١٦] باسيل يوسف بجک: م.س، ص٣١٠

ڕەتکردنەوەی کردنەوەی هەژماری دارایی لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان[١١٧].

بەمشێوەیە، بەدرێژایی سێزدە ساڵ فەرەنسا کاری لەسەر هاوسەنگی دبلۆماسی کردووە لەلایەک پارێزگاری لە پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش بەتایبەتی ئەمریکا وبەریتانیا دەکرد، لەلایەکی دیکە بە دوای بەرژەوەندییە ئابورییەکانی خۆی لە ناوچەکە وبەتایبەتی لە عێراقدا، دەگەڕا.

**٢-٥: چین:**

پەیوەندییەکانی نێوان چین عێراق، پەیوەندییەکی سەقامگیر وباش بوو بەتایبەتی کە عێراق سەرچاوەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی وزە بوو بۆ چین، لەبەرئەمە لەگەڵ داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سوپای عێراقەوە، کوەیت وئەمریکا بە مەبەستی ڕاکێشانی چین بۆ پشتگیریکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان هەریەک لە وەزیری دەرەوەی کوەیت شێخ سەباح ئەحمەد جابر ویاریدەدەری وەزیری دەرەکی ئەمریکی ریچارد سۆلۆمۆن سەردانی پەکین یان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا چینیەکان بە دەستەواژەی "بێزارییەکی قوڵ" وجەختکردنەوە لە چارەسەری ئاشتیانە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە داگیرکردنی کوەیت، دەربڕی[١١٨]. دواتر لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەنگی بە بڕیارەکانی٦٦٠/١٩٩١ وبڕیاری٦٦١/١٩٩٠ کە گەمارۆی ئابوری خستەسەر عێراق، دا[١١٩].

چین هەمیشە پاڵپشتی ئەمریکا نەبوو بۆ سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکان بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام لەگەڵ وڵاتانی دیکەی وەک روسیا وفەرەنسا، هەوڵە دبلۆماسییەکانی خۆیان بە مەبەستی هەڵگرتنی گەمارۆ ئابورییەکان، خستبووەگەڕ. جگە لەوەش دەنگی بە هەندێک لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەداوە وەک بڕیاری ٦٧٨ و٦٨٧ ودانانی ناوچەی دژەفڕین لە باکور وباشوور[١٢٠]. ئەم گۆرانکارییەش لەئەنجامی گەشەی ئابوری چین هاتبووە کایەوە چونکە چینییەکان پێویستیان بە وزە ونەوت هەبوو بەچەشنێک لەم قۆناغەدا ببونە دووەم دەوڵەتی هاوردە لەسەر ئاستی جیهان، لەم سۆنگەیەشەوە هەڵوێستی خۆیان ڕێکخستەوە بەتایبەتی کە کوەیت وعێراق دوو ناوەندی گرنگی وزە بوون[١٢١].

لەسەرێکی دیکەوە، چین لەساڵی ١٩٩٥ پشتگیری دەرکردنی بڕیاری ٩٨٦ کرد، تەنانەت باڵیۆزی

---

[١١٧] فراس ابراهيم حميد: م.س، ص٢١٥

[118] Amjed H. Al-Masaoodi: CHINA AND IRAQ: 1949–2016, Doctor of Philosophy of Political Science - University of Western Australia, 2021, P.202

[١١٩] بڕوانە بڕیارەکانی: S/RES/660-1990, S/RES/661-1990

[١٢٠] الامم المتحدة: مجلس الامن- القرارات، الحالة بين العراق والكويت، القرار ٦٧٨، ١٩٩٠/١١/٢٩, S/RES/678-1990, 29 Nov؛ الامم المتحدة: مجلس الامن- القرارات، الحالة بين العراق والكويت، القرار ٦٨٧، ١٩٩١/٤/٣-S/RES/687 1991, 8 April 1991 ؛ Amjed H. Al-Masaoodi:Op.Cit, P.204-209

[١٢١] احمد سالم البرصان: السياسة الخارجين الصينية ولاشرق الاوسط، مجلة دراسات الشرق الاوسطية، مج:١٥، ع:٥٧، ٢٠١١، ص٤١.

چین لە نەتەوە یەکگرتوەکان جین هواسن داوای هەڵگرتنی تەواوی گەمارۆکانی لەسەر هەناردەی نەوتی عێراق کرد. جێی باسە، لە چوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک چین بەشداری لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت کرد و لەمیانی هەردوو کۆمپانیای CNPC و NORINCO کە کاریان لەسەر پەرەپیدانی نەوتی کێڵگەی ئەحدەب دەکرد، سەرباری ئەمەش قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان چین وعێراق لەساڵی ١٩٩٦ گەیشتبووە ١,١٥ ملیۆن دۆلار، پاشتر لەساڵی ٢٠٠٢ بەرزبۆوە بۆ ٥١٧,٠٩ ملیۆن دۆلار[١٢٢].

سەبارەت بە لیژنەی تایبەت بە پشکنین، هەریەک لە روسیا وچین وفەرەنسا، هەوڵەکانیان بەمەبەستی گۆڕانکاریکردن ببوە جێگەی رەخنەی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ئەمریکا پێیوابوو کە کار لەسەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا دەکەن، هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوون لە هەوڵەکانیان[١٢٣]، بەڵام دواجار کە بڕیاری ١٢٨٤دەرکرا بۆ گۆڕینی لیژنەی تایبەت بە پشکنین UNISCOM بۆ لیژنەی ئەنمۆڤیک UNMOVIC لەساڵی ١٩٩٨ چین یەکیک بوو لەو ولاتانەی دەنگی بەم بریارە نەدا بۆ ئەم مەبەستە چەند خاڵێکی جەوهەری پیشکەشکرد وەکوو دەبێت لیژنەی پشکنینی نوێ بێلایەن وبابەتی بێت ولێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەها پێویستە ئەو پرسانەی بە هەڵوەسراوی ماونەتەوە دەستنیشان بکرێن. لەبەرئەمە رایگەیاند کە "باوەرمان وایە کە عێراق دڵسۆزانە پاپەندە بە بڕیار پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەن، بۆیە ئەنجومەنیش پێویستە پاپەندبێت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی...وادەبینین کە دەبێت ئەم پرۆژە بڕیارە دووبارە پشکنین وداماڵینی چەک ببەستێتەوە بە هەڵگرتنی سزاکانەوە"[١٢٤].

لەلایەکی دیکەوە، کاتێک ئەمریکا وبەریتانیا لەساڵی ٢٠٠١ پرۆژە بڕیاری "سزا زیرەکەکانی" خستەناو ئەنجومەنی ئاسایشەوە، چین پارێزی راگەیاند و دەنگی پێنەدا، داوای کرد کە ئەنجومەنی ئاسایش کاری یاداشتی لێک تێگەیشتنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک درێژبکاتەوە[١٢٥].

بەمشێوەیە بەدرێژایی ئەم ماوەیە چین سیاسەتیەکی پێچەوانەی دوور لە بەریتانیا وئەمریکادا هەبوو، لەگەڵ ئەوەی هەوڵیدەدا پاپەندی پێڕەوی نێو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بێت ولە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا دەرنەچێت، بەڵام تارادەیەکی زۆر سەربەخۆیانە مامەڵەی لەگەڵ ناوچەکە دەکرد. بێگومان ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە خواستی وزە لای چینەکان زیادبوو، سەرەڕای ئەوەش سەپاندنی سزاکان بەو شێوەیە زێتر لە خزمەتی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکادابوو، نەک یاسا نێودەوڵەتییەکان ورێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

[122] Amjed H. Al-Masaoodi: Op.Cit, PP.217-221.

[١٢٣] همام عبدالخالق عبدالغفور: م.س، ص١٣٠

[١٢٤] باسيل يوسف بجک: م.س، ص٣٠٩-٣١٠

[١٢٥] فراس ابراهيم حميد: م.س، ص٢١٤-٢١٥.

## ئەنجام:

لەپاش خویندنەوە وتاوتوێکردنی ناوەخنی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- سزا ئابوورییەکان لەسەر عێراق بە توندترین ودرێژترین وگشتگیرترین سزای ئابوری لەمێژووی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت، کە تێیدا کۆی سەرچاوە داراییەکان وژێرخانی ئەو وڵاتەی کردە ئامانج وشوێنەوارێکی خراپی لەسەر گوزەرانی خەڵک بەجێهێشت.

٢- سیاسەتی دەرەکیی عێراق لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٣، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورە بووە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە بڕیارەکانی تایبەت بە گەمارۆ ئابوورییەکان، سروشتێکی نێودەوڵەتی هەبوو ولەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پاڵپشتی دەوڵەتانی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چەسپا، تەنانەت دواتر کە دیپلۆماسیەتی عێراق گەڕایەوە بەدوور لە کاریگەری بڕیاری نێودەولەتی ٩٨٦ نەبوو چونکە ئەو بڕیارە دەرگای پەیوەندییە بازرگانی ودارایی وسیاسییەکانی بۆ عێراق کردەوە.

٣- ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وبەریتانیا لەماوەی دیاریکراودا، پەیوەندییەکی خراپ ودژیان لەگەڵ عێراقدا هەبوو، بەجۆرێک هەریەک لەم دوو دەوڵەتە کە هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەبوو رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکان وبەردەوامیدان پێی لەمیانی فشارکردنە سەر ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ دەرکردنی چەندین بڕیار. جگەلەوەش ئامادەگی بەهێزیان لە بەشداریکردن وداڕشتنی بڕیارەکان پەیوەند بە عێراقەوە هەبوو وەک لیژنەی ٦٦١ یا لیژنەی سزاکان ولیژنەی تایبەت بە پشکنین یاخود هەوڵ وکۆسپەکانیان لەبەردەم گرێبەستەکانی بڕیاری ٩٨٦ نەوت بەرامبەر بە خۆراک.

٤- پەیوەندییەکانی نێوان روسیا وعێراق لەم ماوەیەدا بەرامبەریی و لە چوارچێوەی پێویستی بە یەکتریی دا بوو چونکە عێراق بەباروودۆخێکی خراپ گوزەری دەکرد وروسیاش دەرکی بەمە کردبوو بۆیە هەوڵیدەدا سود لەمە وەربگرێت وبیکاتە ئامرازێکی سازش بۆ بەهێزکردنی بەرژوەندییەکانی، بەپێچەوانەی ئەمەوە عێراق لەمیانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ روسیا کاری لەسەر درزخستنە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش دەکرد و بەدوای پاڵپشتی نێودەوڵەتی دەگەڕا تا باری قورسی گەمارۆکان لەسەری سووک بکەن، بۆیە پشکی شێری لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک هەبوو.

٥- هەریەک لەفەرەنسا وچین لەماوەی گەمارۆ ئابوورییەکاندا، پەیوەندییەکانیان بەدوور لە ئەمریکا و بەریتانیا لەگەڵ عێراق رێکخستەوە بەچەشنێک وێڕای ئەوەی پابەندی پێڕەو وبڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاساشی نێودەوڵەتی بوون وەک بریاری سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکان ٦٦١/١٩٩٠، بەڵام هەوڵیاندا لە میانی چەند هەوڵێکی دبلۆماسی وپرۆژە پریارێک چ بە دەنگنەدان یاخود پارێزی بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندییەکانیان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان لەگەڵ عێراق ریکخستەوە، ئەمەش لەهەوڵە دبلۆماسییەکانیان بۆ کەمکردنەوەی گەمارۆ ئابورییەکان وسودوەرگرتن لە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراک و وەستانەوە بەڕووی پرۆژەی سزا زیرەکەکان رەنگدەداتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

- **بڕیارە نێودەوڵەتییەکان:**( سەرجەم بڕیارەکان لە digitallibrary.un.org ) وەرگیراوە:
١. الامم المتحدة: مجلس الامن- القرارات، الحالة بين العراق والكويت، القرار ٦٦٠، ١٩٩١/٨/٢ S/RES/660-1990
٢. الامم المتحدة: مجلس الامن، حالة العراق- الكويت، القرار ٦٦١، ١٩٩٠/٨/٢- S/RES/661-1990
٣. الامم المتحدة: مجلس الامن، القرارات الحالة العراق والكويت، القرار٦٦٥، ١٩٩٠/٨/٢٥ ؛S/RES/665-1990
٤. الامم المتحدة: مجلس الامن، القرارت الحالة العراق والكويت، القرار٦٧٠، ١٩٩٠/٩/٢٥ S/RES/670-1990
٥. الامم المتحدة: مجلس الامن، القرار٦٨٧-١٩٩١/٤/٣ S/RES/687-1991
٦. الامم المتحدة: مجلس الامن- القرار٩٨٦، ١٩٩٥/٤/١٤ S/RES/986-1995
٧. الامم المتحدة: مجلس الامن- القرار ١٤٠٩- ٢٠٢٢/٥/١٤. S/RES/1409-2002
٨. الامم المتحدة، مجلس الامن UN. S/2002/515

- **نامەی ماستەر:**
١. بوثلجة حسين: قرار مجلس الامن رقم ٩٨٦ الصادر بشان العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الحقوق-جامعة الجزائير، ٢٠٠٢.
٢. سعد شكر شبلى: التحديات الامنية للسياسة الخارجية الامريكية فى الشرق الاوسط فى مرحلة مابعد الحرب الباردة، رسالة ماجستير غير منشورة -كلية العلوم السياسية- جامعة الشرق الاوسط، ٢٠٠٨.
٣. سمير العقون، الاجتياح العراقى للكويت وانعكاساته على الاعلاقات العربية-العربية ١٩٩٠-١٩٩١، رسالة ماجستير غير منشورة -جامعة بوضياف-المسيلة كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم التاريخ، ٢٠١٦.
٤. شيبان نصيرة: العقوبات الاقتصادية الدولية الذكية ودورها في حفظ السلم والأمن الدوليين، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة المستغانم- الجزائر، ٢٠١٩.

- **تێزی دکتۆرا:**
١. ضارى رشيد السامرائى: مدى الشرعية قرارات مجلس الامن ضد العراق، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية القانون-جامعة بغداد، ١٩٩٥.
٢. عادل محمد حسين عليان: العراق فى السياسة الامريكية المعاصرة، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠١١.
٣. على عطية كامل الازيرجاوى: دور الولايات المتحدة الامريكية فى فرض الحصار الاقتصادى على العراق من خلال مجلس الامن الدولى ١٩٩٠-٢٠٠١، اطروحة دكتوراه غير منشورة ، كلية الاداب-

جامعة ذی قار، ٢٠٢٠.

٤. غسان بنيان جلود الشويلی: الإسرتاتيجية األمريكية جتاه العراق علی اثر احتالل دولة الكويت ١٩٩٠-٢٠٠٣ دراسة تارخيية، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة البصرة، ٢٠١٨.

٥. فراس ابراهيم حميد: العراق فی وثائق هيآة الامم المتحدة ١٩٩٠-٢٠٠٣، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة البصرة-كلية التربية العلوم الانسانية- قسم التاريخ، ٢٠١٩.

٦. مازن سهمی السعدی: العلاقات العراقية الروسية ١٩٩١-٢٠٠٣، اطروحة دكتوراه غير منشورة- كلية العلوم السياسية، جامعة المستنصرية، ٢٠٠٥.

7. Amjed H. Al-Masaoodi: CHINA AND IRAQ: 1949–2016, Doctor of Philosophy of Political Science - University of Western Australia, 2021.

**- كتێب - كوردی:**

١. گۆران ابراهيم ساڵح: دۆزی كورد له بازنەی پەیوەندییەكانی ئەمریكا و عێراقدا ٦ ئازاری ١٩٧٥-٢ ئابی ١٩٩٠، چاپخانەی رۆژهەڵات-هەولێر، ٢٠١٣.

**- كتێب - عەرەبی:**

١. باسيل يوسف بجك: العراق وتطبيقات الامم المتحدة للقانون الدولی ١٩٩٠-٢٠٠٣، دراسة توثيقية وتحليلية، مركز الدراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٦.

٢. جوی غوردون: الحرب الخفية امريكا والعقوبات علی العراق، بيروت، ٢٠١٨.

٣. جيف سيمونز: استهداف العراق العقوبات والغارات فی السياسة الامريكية، ط٢، بيروت، ٢٠٠٤.

٤. جيف سيمونز: التنكيل بالعراق العقوبات والقانون والعدالة، بيروت-لبنان، ١٩٩٨.

٥. حافظ برجاس: الصراع الدولی علی النفط العربی، بيسان-٢٠٠٠.

٦. حميد الخطيب: دور هيئة الامم المتحدة فی النزاعات الدولية العراق انموذجا، دار التنوير، ٢٠١٦.

٧. د.محمد مهدی صالح الراوی: درء المجاعة عن العراق مذكراتی عن سنين الحصار ١٩٩٠-٢٠٠٣، منتدی المعارف- بيروت، ٢٠٢٢.

٨. زياد عيد غطاس حجازين: العقوبات الاقتصاسية كاحدی ادوات السياسة الخارجية الامريكية، المانيا-٢٠٢١.

٩. زيانی نوال: العقوبات غير العسكرية فی الفصل السابع من ميثاق الامم المتحدة وتطبيقها علی العراق، دار مجدلاوی-عمان، ٢٠١٧.

١٠. طارق يوسف اسماعيل، ويليام حداد: العراق الضريبة البشرية للتاريخ، تر: خضر علی سويد، دار المامون للترجمة والنشر، ٢٠٢٢.

١١. علی محمد عيدان الجبوری: العلاقات العراقية-الروسية ١٩٩١-٢٠١١، بيروت-٢٠١٢.

١٢. فواد قاسم الامير: العراق بين مطرقة صدام وسندان الولايات المتحدة، بغداد-٢٠٠٤.

١٣. كريس كۆچێرا: الكتاب الاسود لصدام حسين، ت: خسرو بوتانی، دار ئاراس للطباعة والنشر-

اربيل،٢٠٠٧.
١٤. محمد احسان: كردستان ودوامة الحرب، دار الحكمة-لندن، ٢٠٠٠.
١٥. محمد حسنين هيكل: الامبراطورية الامريكية والاغارة على العراق، ط٤، دار الشروق، مصر، ٢٠٠٤.
١٦. مركز دراسات الوحدة العربية: حرب على العراق يوميات-وثائق-تقارير ١٩٩٠-٢٠٠٥، بيروت-٢٠٠٧.
17. David Cortright, George A.Lopez: Smart Sanction Targeting Economic Statecraft, Rowman and Littlefield Publisher, New York, 2002.
18. Laurie Collier: War in the Persian Gulf Almanac; from Operation Desert Storm to Operation Iraqi Freedom, USA, 2004.
19. Lee Jones: Societies Under Siege, Oxford University Press, 2015.
20. Mahvash Alerassool; Freezing Assets thw USA and the Most effective economic sanction, Macmillan, 1993.
21. Sonia Perez: Economic Sanctions Against Iraq A Humanitarian Perspective, Enro-2009.

**- توێژینەوە:**

١. احمد سالم البرصان: السياسة الخارجين الصينية ولاشرق الاوسط، مجلة دراسات الشرق الاوسطية، مج:١٥، ع:٥٧، ٢٠١١.
٢. بشار فتحى جاسم العكيدى: موقف الروسى من الضغوط الامريكية على العراق ١٩٩١-٢٠٠٣، مجلة دراسات اقليمية، ع:١١، السنة الخامسة، ٢٠٠٨.
٣. د.نزار القنوع: العقوبات الاقتصادية احد اساليب الاقتصادى غير المنظم العراق نموذجا خضع العقوبات الاقتصادية، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية، مج:٣٥/ ع:٤، ٢٠١٣.
٤. Brain Walsh: The Economic Blockade: A Moral and Legal Analysis, Peace Research, Vol.27, No.1, February.
٥. George A.Lopez, David Cortright: Contaninig Iraq: sanction Worked, Foreign Affairs, Vol.83, No.4, 2004.

**- وێبسایتەکان:**

1. Iran-Contra scandal unravels: https://www.history.com/this-day-in-history/iran-contra-scandal-unravels